کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٧ - خەرمانانی ١٤٠٥ - September ٢٠٢٦




## بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لە کوردستان

ل٢

### سەروتار

## کۆبەندی ڕووداوێکی سیاسی، مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان

چوارشەممە ٢٥ی خەرمانان، کوردستان جارێکی تر بووەوە مەیدانی درەوشانەوەی ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ، ئیرادەیەکی کە بە داخرانی بازاڕ و ناوەندەکانی کار، چۆڵبوونی شەقامەکان و وەستانی هۆشیارانەی ژیانی ڕۆژانە، پەیامی خۆی بە ڕوونی گەیاند. چوار ساڵ دوای ئەو ڕۆژەی کە ژینا ئەمینی، کیژۆڵەیەکی گەنجی کوردی خەڵکی شاری سەقز، بووە قوربانیی توندوتیژیی ڕێکخراوی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، ناوی ئەو هێشتا زیندوو و کاریگەرە. ژینا ناوێکە کە بە یادەوەریی ملیۆنان مرۆڤەوە گرێدراوە و بووەتە هێمای خۆڕاگریی لە بەرامبەر سووکایەتی، هەڵاواردن، ستەم و زۆرداری و بێمافیدا. ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز، ئەو ساتەوەختە بوو کە خەم و ماتەمینی تاکەکەسی بوو بە تووڕەیی گشتی و تووڕەیی گشتیش بوو بە بزووتنەوەیەکی سەراسەری. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە جەرگەی کوردستانەوە سەری هەڵدا، بوو بە زمانی هاوبەشی کۆمەڵانی خەڵک لە سەرانسەری ئێران و دەنگدانەوەکەی سنووورە جوغرافیاییەکانی بەزاند.

کۆمەڵگەی کوردستان نیشانی دا کە شۆڕشی ژینا نە تەنیا لە قۆناغێکی کورتخایەنی حزوور لەسەر شەقامەکاندا سنووردار مایەوە و نە لە ژێر گوشاری زیندان، سێدارە، هەڕەشە و سەرکوتدا فەرامۆش بووە. شێوازەکانی خەبات ڕەنگە بگۆڕێن، بەڵام خواستی ئازادی و نارەزایەتی لە نەزمی هەبوو هێشتاش لە قووڵایی کۆمەڵگەدا لە ئارادایە. بازاڕی داخراو و شەقامی چۆڵ، لە ڕۆژێکی وەهادا، نیشانەی پاسیڤ بوون و بێهەڵوێستی نییە، بەپێچەوانەوە، دەربرینێکی سیاسیی هۆشیارانەی جەماوەرێکە کە بڕیاریان داوە بە زمانی بەکۆمەڵی خۆیان بدوێن.

درێژە لە لاپەڕەی ٢




### پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەبۆنەی سەرکەوتنی شکۆداری مانگرتنی گشتی لە کوردستان

ل٣




### پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن

ل٣



### بە یادی شەریف باجوور و هاوڕێیانی، کە لەناو ئاگردا مانەوە تا دارستانەکان بمێنێتەوە

ل٥



### پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، لە دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانەوە تا لەسێدارەدانە بەردەوامەکان

ل٤



### ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»

ل٦

چیرۆکێک سەبارەت بە کەلێنی جینایەتی لە گەورەشارێکدا کە ئاوێنەی باڵانوێنی ئێرانی ئەمڕۆیە ل٧

فوئاد مستەفا سوڵتانی، ژیان لە خزمەت ڕێکخستنی ڕزگاریدا ل٩

سێدارە، هەڵاواردنی جێکەوتوو و ناعەدالەتی موتڵەق لە سیستەمی دادوەریی ئێراندا ل٧

هەشتی سێپتامبر، شەستەمین ساڵیادی ڕۆژی جیهانیی خوێندەواری: سێبەری قورسی نەخوێندەواری بەسەر ئێران و ئەفغانستانەوە ل١٠

قەیرانی دەرمان لە ئێران ل٨

وەستانەوە لەبەرامبەر مەرگ لەپێناو ژیاندا: خەباتێکی کە شەریف باجوور و هاوڕێیانی ڕچەشکێنی بوون — ئازاد ل١١

«چەکەکان لە کوێن؟» — سەلام قادری ل٨

ئاخێزی ژینا، وەرچەرخانی مێژوویی، ئەزموونەکان و ئاسۆی ڕزگاریی دواڕۆژ — کەریم ئەمانی ل١٢

مانگرتنی گشتی لە کوردستان خاوەنی پێشینەیەکی دوورودرێژ و پڕمانایە. خەڵکی ئەم ناوچەیە لە خاڵە وەرچەرخانە جۆراوجۆرە مێژووییەکاندا، گەلێک جار ئەم شێوازەیان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی، هاوپشتی لەگەڵ گیانبەختکردووان و خۆڕاگریی لەبەرامبەر سیاستە سەرکوتگەرەکاندا بەکار هێناوە. ئەم ئەزموونە نیشانی داوە کە مانگرتن، کاتێک لەسەر بنەمای متمانە بەیەکتر، هاوپشتیی کۆمەڵایەتی و ناسینی دروستی بارودۆخەکە بێت، دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ نیشاندانی هێزی جەماوەر. هەر دووکانێکی داخراو، هەر کارگەیەکی خامۆش و هەر شارێکی نیمچەداخراو، بەشێکن لە بەیاننامەیەک کە نووسەرەکانی خۆدی خەڵکن.

گرنگی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دژواری ئابووری و ئەمنیی ئێستا، دوو هێندەیە. لەم ساڵانەی ڕابردوودا، گرانیی هەوسارپچڕاو، بێکاری، دارمانی توانای کڕین، قەیرانی شوێنی نیشتەجێبوون، بێبەشبوون لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پەرەسەندنی هەژاری، ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی خستووەتە ژێر گوشارێکی تاقەتپڕوکێن. لە کوردستانیش، هاوشێوەی زۆربەی ناوچەکانی تری ئێران، ئەم گوشارانە لەگەڵ هەڵاواردنی دامەزراوەیی، گەشەنەسەندنی سەپێنراو و ئاستەنگە سیاسی و کلتورییەکاندا ئاوێتە بوون. لە ئاوا بارودۆخێکدا، مانگرتن تەنها بزاڤێکی هێمایی نییە، بەڵکوو ناڕەزایەتییە بە شەرایتێک کە تێیدا زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بۆ ژیانێکی شایستە بێبەشن.

کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەم قەیرانە گشتگیرە دا، نە بەرنامەیەکی بۆ باشترکردنی بژێویی خەڵک خستووەتەڕوو و نە ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ کەمکردنەوەی سەرکوت و پەرەپێدانی ئازادییە سیاسییەکان بەڕووی خەڵکدا کردۆتەوە. وەڵامی دەسەڵات بۆ ناڕەزایەتیی کرێکاران، موعەلیمان، ژنان، خوێندکاران، خانەنشینان و بنەماڵە دادخوازەکان، هەر وەک هەمیشە بریتی بووە لە ئەمنییەتی کردنی کەشوهەوا، دەستبەسەرکردن، پەروەندەسازی، هەڕەشە و سەرکوت. ئەم ڕاستییە، پتر لە هەر کاتێکی دیکە ئەوە ئاشکرا دەکات کە هەژاری و ستەم و سەرەڕۆیی، دوو بابەتی لێکجیاواز نین. دەسەڵاتێکی کە مافی ڕێکخستن، ناڕەزایەتی و ئازادی ڕادەربڕین لە خەڵک زەوت دەکات، هاوکات ڕێگەی دیفاعی ڕێکخراوی ئەوان لە نان، کار، شوێنی نیشتەجێبوون و خۆشگوزەرانیش دەبەستێت.

لەمڕووەوە، مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان دەبێت بە پیوەندییەک لە نێوان دادخوازی و داواکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە دابنرێت. ئەم بزاڤە وەبیرهێنەرەوەی ئەوەیە کە "ژیان" لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا تەنها بە مانای زیندومانەوە نییە، ژیان واتە بەهرەمەندبوون لە ئەمنییەت، کار، نان، پەروەردە، درمان، شوێنی نیشتەجێبوون، ژینگەیەکی تەندروست و مافی هەڵبژاردن. ئازادیش تەنها وشەیەکی سیاسی نییە، بەڵکوو مەرجێکی پێویستە بۆ دەستڕاگەیشتنی خەڵک بەم مافە بنەڕەتییانە. کۆمەڵگەیەکی کە تێیدا ژنان لە مافی هەڵبژاردنی پۆشاک بێبەشن، کرێکاران لە مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ، نەتەوە ژێردەستەکان لە مافی یەکسان، و هاوڵاتیان لە مافی ناڕەزایەتی و ڕەخنە لە دەسەڵات، ناتوانێت ژیانێکی شایستە بۆخۆی مسۆگەر بکات.

ئەم مانگرتنە هەروەها وەڵامێک بوو بەو هەوڵانەی کە لە مانگەکانی ڕابردوودا بەمەبەستی پەرەپێدانی ترس، بێهیوایی و پرشوبڵاویی لە کۆمەڵگەدا، درابوون. دەزگای سەرکوت بەردەوام هەوڵ دەدات خەڵک بێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە ناڕەزایەتی بێسوودە، کۆمەڵگە بێتوانایە و هیچ ڕێگەیەکی جگە لە تەسلیمبوون لەبەردەمدا نییە. بەڵام مانگرتنی سەرکەوتوو،




ئەم ئیدیعایە دەباتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک هەزاران کاسبکار، کرێکار، هاوڵاتی و بنەماڵە، هاوکات و بە بڕیارێکی هاوبەش بەشداری لە بزاڤێکی مەدەنیدا دەکەن، نیشانی دەدەن کە کۆمەڵگە هێشتا توانای ڕێکخستن و نیشاندانی ئیرادەی خۆی هەیە.

لە ئاوا بارودۆخێکدا، بژاردەی مانگرتنی گشتی وەک شێوازی ناڕەزایەتی بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، بژاردەیەکی هۆشیارانە و سیاسییە. ئەم بژاردەیە نیشانی دەدات کە ڕێگەی پێشڕەویی جەماوەر لە ئاڕاستەی پشتبەستن بە هێزی خۆیان، هاوپشتی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستن لە خوارەوە و لێک هەڵپێکانی ویست و داواکارییە جۆراوجۆرەکاندا تێدەپەڕێت. ئەمە وانەیەکە کە خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان لە خەباتی چەند دەیەی خۆیان و هەروەها ئەزموونی وڵاتانی ناوچەکەوە کە لە نێوان چەندین هێزی کۆنەپەرستی ناوخۆیی و دەرەکیدا گرفتار بوون، وەریانگرتووە. لەمڕووەوە، مانای سیاسیی ئەم مانگرتنە لەم قۆناغەدا زۆر قووڵ و وانەبەخشە. ئەزموونی مانگرتنەکانی پێشوو لە کوردستان و ڕووداوەکانی مانگەکانی ڕابردووش نیشانیانداوە کە کۆمەڵگە توانای ناسین و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و هەڵبژاردنی شێوازی گونجاوی خەباتی هەیە، دەزانێت لە کوێدا بوەستێت، چۆن تێچووەکان کەم بکاتەوە و چۆن ئیرادەی جەماوەری بکات بە هێزێکی کاریگەر.

شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" لەم چوار ساڵەدا، تەنیا لە شکڵی ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقامدا نەماوەتەوە. ئەم شۆڕشە لە زمانی خەڵکدا، لە هونەر و ئەدەبیاتدا، لە پەیوەندییەکانی بنەماڵەدا، لە بوێریی ژنان بۆ هەڵبژاردنی شێوازی ژیان، لە داواکاریی گەنجان و لە پەرەپێدانی فەرهەنگی دادخوازیدا بەردەوام بووە. کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان دوای ژینا، کۆمەڵگەی پێش ژینا نییە. دیواری ترس درزی بردووە، پرسیار لە مەشروعیەتی دەسەڵات گشتگیرتر بووە و نەوەیەکی نوێ لە چالاکوانانی کۆمەڵایەتی پێیان ناوەتە مەیدانەوە.

مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان، ڕێزلێنان بوو لە ژینا و سەرجەم گیانبەختکراوانی ڕێگەی ئازادی، بەڵام زیاتر لەوەش، نوێکردنەوەی پەیمان بوو لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە ئەوان لە پێناویدا خۆڕاگرییان کرد. ئەم ڕۆژە نیشانی دا کە یادەوەری بەکۆمەڵی جەماوەر زیندووە، هاوپشتیی کۆمەڵایەتی هێشتاش توانای ئافراندنی هەیە و ڕێگەی ئازادی، ئەگەرچی سەخت و پڕ تێچووە، بەڵام هەروا کراوەیە.

******

## بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لە کوردستان

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانان، لە چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا چوار ساڵ بەسەر کۆچی سووری ژینا ئەمینی و تەقینەوەی بورکانی ئەو ئاخێزە جەماوەرییە شکۆدارەدا تێدەپەڕێت کە لە سەقز و لە بێشکەی کوردستانەوە بڵێسەی سەند و بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» ئاسۆی سەرتاسەری ئێرانی ڕووناکتر کردەوە. ژینا تەنیا ناوی کیژێکی لاو نەبوو، بەڵکوو بوو بە هێمای ڕەنج، تووڕەیی و ئاواتی ئازادیی جەماوەرێک کە ساڵانێکە لەژێر سێبەری شوومی سەرکوت، هەڵاواردن، هەژاری و بێ مافیدا هەناسەیان دەچنرێت.

ئەمڕۆ، پاش چوار ساڵ، نە تەنیا زامی ئەو تاوانە سارێژ نەبووە، بەڵکوو سفرەی خەڵک بچووکتر، ژیان دژوارتر و داهاتووش نادیار و تەمومژاویتر دەنوێنێ. گرانیی لەڕادەبەدەر، بێکاری، حەقدەستی کەم، هەژاری، نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی و بێتوانایی بنەماڵەکان لە دابینکردنی سادەترین پێداویستییەکانی ژیان، ملیۆنان مرۆڤی گەیاندووەتە لێواری کەندڕی کارەسات. لە بەرامبەر ئەم هەموو ڕەنج و نەهامەتییەدا، وەڵامی دەسەڵات نەک باشترکردنی گوزەران و کردنەوەی ڕۆچنەیەک بە ڕووی داهاتووی خەڵکدا، بەڵکوو سەرکوت، زیندان، هەڕەشە، لەسێدارەدان و پەرەپێدانی هەرچی زیاتری کەشوهەوای ئەمنی بووە.

حکوومەتێک کە دەیەوێت هەر دەنگێکی ئازادیخوازانە لە بەندیخانەدا کپ بکات و دادخوازیی بنەماڵەکان بە تاوان لەقەڵەم دەدات، هیچ ئاسۆیەکی بۆ باشترکردنی بژیوی و ژیانی خەڵک نییە. لە ئاوا بارودۆخێکدا ناکرێت چاوەڕوانی چاکسازی و کرانەوە بکرێت، کرانەوە تەنیا بە ئیرادە، هاوپشتی و خۆڕاگریی خودی جەماوەر بەدی دێت.

کوردستان پێشتریش چەندین جار هێزی بێوێنەی ئەم هاوپشتییەی خۆی کردووەتە دروشمی مێژوو. مانگرتنە بەربڵاو، سەرکەوتوو و شکۆدارەکانی لە شار و بازاڕەکانی کوردستان، لە سەقز، سنە و دیواندەرەوە بگرە تا مهاباد، مەریوان، بانە، بۆکان، کرماشان و تا شنۆ و پیرانشار و شارەکانی تر، سەلماندوویانە کە کاتێک دوکانەکان دادەخرێن، شەقامەکان بێدەنگییەکی وەها مانادار لە خۆ دەگرن کە هەر دەنگێکی نەیار کپ دەکات و ئەو ساتەش کە خەڵک شانبەشانی یەکتر دەوەستن، زایەڵەی ناڕەزایەتییان سنووری هەر سانسۆرێک دەبەزێنێت. مانگرتنی گشتی، هاواری هاوبەشی جەماوەرێکە کە نایهەوێت لە بەرامبەر بێ عەداڵەتیدا سەر دابنەوێنێت، هاوارێک کە لە مێژووی پڕشنگداری خەبات لە کوردستاندا ڕەگاژۆی کردووە.
هەر بۆیە، داوا لە کاسبکاران و بازاڕییان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، موعەلیمان و خوێندکاران، ژنان و گەنجان، شۆفێران، فەرمانبەران و سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی شۆڕشگێڕ دەکەین کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانان، بە داخستنی کار و پیشەکانیان و پەیوەستبوون بە مانگرتنی گشتییەوە، یادی ژینا و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگەی ئازادی بەرز ڕابگرن.

ئەم مانگرتنە، هەڵگری پەیامێکی ڕوونە: ئێمە ملکەچی هەژاری و کۆت و بەندی سەرکوت نابین.

**ئێمە لەپێناو ژیانێکی شایستە، ئازادی و یەکسانیدا خۆڕاگریی دەکەین.**
**ژن، ژیان، ئازادی.**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

******

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەبۆنەی سەرکەوتنی شکۆداری مانگرتنی گشتی لە کوردستان

کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

**کۆمەڵانی خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**

ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٥ی مانگی خەرمانان، لە ساڵیادی دەستپێکی شۆڕشی (ژن، ژیان، ئازادی) دا، لاپەڕەیەکی نوێی پڕشنگداری دیکە لە مێژووی خەباتی کۆمەڵگای کوردستان هەڵدرایەوە. بانگەوازی مانگرتنی گشتی، بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو شۆڕشەی کە چوار ساڵ لەمەوبەر بە هیممەتی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان لە ئارامستانی شاری سەقز و لە کاتی ئەسەپەردە کرنی «ژینا»دا کە ناوی بوو بە ڕەمزی خۆڕاگریی دەستی پێکرد، وەڵامێکی لێبڕاوانەی لە لایەن ئێوەوە وەرگرتەوە. پەیامی سیاسی ئەم مانگرتنە ڕوون و ئاشکرایە: شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بەردەوامە، و ئیرادەی خەڵکی ستەملێکراو و بێبەش بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن بەرزتر لە هەموو کاتێکە. ئەم مانگرتنە ڕایدەگەیەنێت کە ئێمە ملکەچی هەژاری و کۆت و بەندی سەرکوت نابین و لەپێناو ژیانێکی شایستە، ئازادی و یەکساندا خۆڕاگر دەبین. مانگرتنی سیاسی گشتی نەریتێکی جێگیرە لە کۆمەڵگای کوردستاندا و ئەم جارەش جەماوەری خەڵک بە یەکگرتوویی هێزی خۆیانیان لەم شێوازە نارەزایەتیی دەربڕینە سیاسییەدا نواند.

ئەم مانگرتنە بە ڕوونی نیشانی دا ئەگەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە وشیاری و بە پشتبەستن بە ئەزموونی دەوڵەمەندی خەباتی دەیان ساڵەی خۆیان، ناکەونە داوی بوون بە دەستچیلەی شەڕێکی کۆنە پەرستانە و نارەواوە، کە نامۆیە بە ویست و بە ئاواتەکانیان، بەڵام لە هەمان کاتدا لە سەر ڕێبازی خۆیان کە پشت بەستن بە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەری وشیارە بەردەوامن و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن ڕێگە دەپێون.

مانگرتنی گشتی ئەمڕۆ، ٢٥ی خەرمانان، یەکێکە لە لاپەڕە درەوشاوەکانی ئەم مێژووە بە تایبەت کە لە بارودۆخ و کاتێکی پڕماناادا ڕوویدا. سڵاو دەنێرین بۆ هەموو تێکۆشەران، هەڵسووڕاوان و جەماوەری یەکگرتووی خەڵک کە ئەم سەرکەوتنەیان مسۆگەر کرد. یادی هەموو گیانبەختکردووانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بەرز و بەڕێز بێت.

بژی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان!
کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥

******

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن

CPI

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ڕۆژی چوارشەممە یەکی ڕەزبەر، ساڵی نوێی خوێندن لە ئێران بە فەرمی دەست پێ دەکات. لەم ڕۆژانەدا زیاتر لە ١٦ ملیۆن قوتابی و فێرخوازی منداڵ و تازەلاو، زیاتر لە ۴ ملیۆن خوێندکاری زانکۆ، نزیکەی ٢ ملیۆن موعەلیم و هەزاران مامۆستای زانکۆ، جارێکی دیکە ڕێگەی پۆلەکان دەگرنە بەر. زەنگی قوتابخانە بۆ ملیۆنان بنەماڵە نیشانەی دەستپێکی وەرزێک لە تێکۆشان، ئومێد و خۆزگەیە بۆ داهاتووی منداڵەکانیان. بەڵام لە پاڵ ئەم وێنەیەدا، ڕاستییەکی تاڵ و حاشا هەڵنەگر هەیە: ئامارەکان دەری دەخەن کە زیاتر لە ٣ ملیۆن منداڵی تەمەنی خوێندن، بە هۆی هەژاریی بنەماڵەکانیانەوە لە چوون بۆ قوتابخانە بێبەش بوون. ئەم ژمارەیە گوزارشت لە ژیانی ملیۆنان منداڵ دەکات کە لە تەمەنێکدا کە دەبێت پێنووس بە دەستەوە بگرن، ناچار بوون بۆ دابینکردنی بژێویی بنەماڵەکانیان لە کارگەی بچووک، شەقام، کێڵگە و چوارڕیانەکاندا کار بکەن.

بێبەشبوونی ملیۆنان منداڵ و تازەلاو لە مافی پەروەردە و فێربوون، ویژدانی هەر مرۆڤێکی وشیار ئازار دەدات. منداڵانی کار و شەقام، بەشێکن لەو دانیشتووانەی کە مافی خوێندنیان هەیە، ئەو منداڵانەی کە هەژاری، بێکاریی دایک و باوک، تێچووە دیار و شاراوەکانی خوێندن و نەبوونی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، لەبری پۆلەکانی درس، ڕەوانەی بازاڕەکانی کاری کردوون. پەروەردە بۆ ئەم منداڵانە نە مافێکی مسۆگەرکراو، بەڵکوو کاڵایەکە کە توانای کڕینیان نییە.

بە ژمارەی ئەم منداڵانە، دەبێت منداڵانی کۆچبەری ئەفغانستانیش زیاد بکرێت، ئەو منداڵانەی بە هۆی نەبوونی بەڵگەنامەی نیشتەجێبوون، ئاستەنگی ئیداری و سیاسەتی هەڵاواردنکارانە، لە مافی خوێندنی فەرمی بێبەش دەکرێن. هەر منداڵێکی کە لە ئێران دەژێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی شوێنی لەدایکبوونی و ڕەگەزنامەی دایک و باوکی، مافی خۆیەتی لە خوێندن و پەروەردە بەهرەمەند بێت.

سیستەمی پەروەردەی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا بووەتە مەیدانێک بۆ شۆردنەوەی مێشک و پەرەپێدانی ئایدۆلۆژیای ئایینی. کتێبەکان، بەرنامەکانی پەروەردە و کەشی قوتابخانەکان، زیاتر لەوەی لە خزمەت گەشەپێدانی بیری ڕەخنەگرانە و زانستی هاوچەرخدا بن، لە خزمەت چەسپاندنی باوەڕە فەرمییەکان و پەروەردەکردنی هاووڵاتیی ملکەچدا بوون. ئەم سیستەمە لە پێشکەوتنە زانستییەکان و شێوازە نوێکانی پەروەردە کە لە ئاستی جیهاندا بەکار دەهێنرێن، بەتەواوی دوور کەوتووەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، پڕۆژە ئایدۆلۆژییەکانی ڕژێم لە پەروەردەدا تووشی شکستی گەورە بوونەتەوە. هێمای بەرچاوی ئەم شکستە، پشتیوانی نەکردن و دوورکەوتنەوەی بەربڵاوی گەنجانە لە ئایینی فەرمی و ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەی کە ڕووی داوە. ئەو نەوەیەی کە لەم قوتابخانانەدا پەروەردە بوو، لە ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بوو بە یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی نارەزایەتی، بەها سەپێنراوەکانی بردە ژێر پرسیار و بە زمان و شێوازی خۆی، خواستی ئازادی و یەکسانیی دەربڕی.

لە کاتێکدا ساڵانە پارەیەکی خەیاڵی و بێشوومار خەرجی پەرەپێدانی چەکوچۆڵی شەڕ، پڕۆژەی سەرکێشانەی نیزامی لە ناوچەکە و بەهێزکردنی دەزگای سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی خەڵک دەکرێت، پەروەردە و فێرکردن لە ڕووی بودجەوە لە بارودۆخێکی ئێجگار خراپدایە. ئەولەوییەتەکانی دەسەڵات ڕوونن: مووشەک لە موعەلیم، سەربازگە لە قوتابخانە، و سەرکوت لە پەروەردەدا بۆ ڕژێم گرنگترن.

ئەنجامی ئەم سیاسەتە لە هەر پۆلێکی درسدا بەڕوونی دەبینرێت. ئامرازەکانی یاریدەدەری فێربوون کە دەتوانن هەم یارمەتیی فێربوونی قوتابیان بدەن و هەم بارگرانیی کاری موعەلیم کەم بکەنەوە، زۆر کەم و کۆنن. پۆلەکانی درس لانی کەم دوو هێندەی توانای ستاندارد، قوتابییان تێدا جێگیر کراوە. ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانی گوندەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکان، خاوەن پۆلی شێدار، ژووری داڕووخاو، سارد و بێ سووتەمەنی و بێ ڕووناکیی پێویستن.

سەرەڕای هەژاریی ئیمکانات، ژینگەی پەروەردەیی کەشێکی پۆلیسی و ئەمنییەتی بەسەردا سەپێنراوە. ڕژێم بە بەسیجگیری و پەروەردەی کەسانی بەکرێگیراو لە قوتابخانە و زانکۆکان، ئەو شوێنانەی نائەمن کردووە. ژمارەیەک لە موعەلیمانی دڵسۆز و نارازی دەستبەسەر کراون و لە بەندیخانەدان. ئەوانەش کە دەستبەسەر نەکراون، هەر جارناجارێک لەلایەن دامەزراوە ئەمنییەکانەوە بانگهێشت و هەڕەشەیان لێ دەکرێت. نارەزایەتی بەکۆمەڵ و کۆبوونەوەکانی موعەلیمان بە پەلاماری پۆلیس و دەستبەسەرکردن وەڵام دەدرێتەوە. ڕژێمێکی کە موعەلیمەکانی ڕەوانەی بەندیخانە دەکات، بەڕوونی دەری دەخات کە لە پەروەردەیەکی هۆشیاریبەخش دەترسێت.

ئەمساڵ زەنگی قوتابخانە و زانکۆکان بە کورسییە چۆڵەکانەوە لێدەدرێت. جێگەی ئەو قوتابی و خوێندکارانە چۆڵە کە لە ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» و نارەزایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوودا، لە شەقامەکان، لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، بە دەستی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی گیانیان لە دەست دا، ئەو لاوانەی کە تەمەنیان نەگەشتبووە بیست ساڵ و تەنیا «تاوانیان» بریتی بوو لە هاواری ئازادی و یەکسانی. ناوی ئەوان لەسەر دیواری بیرەوەریی ئەم کۆمەڵگەیە نووسراوەتەوە و بووەتە دادنامەیەک دژ بە دەسەڵاتێکی کە لە بری وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی نەوەی گەنج، گوللەی هەڵبژارد.

هەروەها جێگەی چۆڵی قوتابیانی قوتابخانەی میناب، ئەو منداڵانەی لە شەڕێکی دژە خەڵکیدا، بە هێرشی مووشەکی ئەرتەشی ئەمریکا بۆ سەر قوتابخانەکەیان، زیاتر لە سەد کەسیان گیانیان لەدەست دا. ئەم کارەساتە نیشانی دا کە لە شەڕی نێوان دەوڵەتەکاندا، یەکەم قوربانی، بریتین لە منداڵان و خەڵکی بێ دیفاع. ئەوانەی بە هەزینەی سەر سفرەی خەڵک مووشەک کەڵەکە دەکەن و ئەوانەی لە هەزاران کیلومەتر دوورترەوە ئاگر بەسەر شارەکاندا دەبارێنن، هەردووکیان لە یەک شتدا هاوبەشن: بێبەهاکردنی گیانی مرۆڤە ئاساییەکان. قوتابخانەیەکی کە دەبوو پەناگەیەکی ئەمن بێت بۆ منداڵان، بوو بە گۆڕێکی بەکۆمەڵی قوتابیان. یادەوەریی ئەم منداڵانە و یادی گیانبەختکردووانی شەقامەکان، لەبیر ناچێت و بەرپرسیارێتییەکەی بە تێپەڕبوونی زەمەن کۆتایی نایەت.

بۆ قوتابیان، هەنگاونان بەرەو پۆلێکی سەرتر و دیداری هاوڕێیان و هاویارییەکانیان، شادی و خۆشی دەخولقێنێت. بەڵام بۆ موعەلیمان، دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، دەستپێکی ساڵێکی پڕ لە ڕەنجی دیکەیە، ساڵێک بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو کێشانەی کە ئەمساڵ و هەرساڵ بەرۆکیان پێدەگرێت. کەمبوونی حەقدەستی موعەلیمان لە بەرانبەر هەڵاوسان و گرانیی هەوسارپچڕاو، ژیانی توێژی بەرینی موعەلیمانی خستووەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە. زۆربەیان بۆ دابینکردنی بژێویی بنەماڵەکانیان، ناچارن دوای تەواوبوونی کار لە قوتابخانە، ڕوو لە پیشەی دووەم بکەن. کاتژمێرە تاقەتپڕوکێنەکانی کار، نە تەنیا دەرفەتێک بۆ بەهرەمەندبوون لە کۆڕی گەرمی بنەماڵەیان بۆ ناهێڵێتەوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ کوالێتیی وانەوتنەوەش دادەبەزێنێت.

ل٤

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٧ - خەرمانانی ١٤٠٥ -September ٢٠٢٦

سیستەمی ناهەماهەنگی پرداختکردنی حەقدەست، موعەلیمانی بە بەراورد لەگەڵ مووچەخۆرانی دیکەی دەوڵەتیدا بە کردەوە کردووە بە هاووڵاتیی پلە دوو. پیشەی موعەلیمی نە تەنیا ڕێزی لێ ناگیرێت، بەڵکوو لەگەڵ هەڵاواردن و سووکایەتیش بەرەوڕوو دەبێتەوە. هەزاران موعەلیمی نیوە وەخت و نافەرمی، بە گرێبەستی کاتی و کەمترین حەقدەست، ساڵانێکە لە دوورترین شوێنەکانی وڵات سەرقاڵی کارن، بەبێ ئەوەی تەنانەت لە بوونی دەفتەرچەی بیمەش بەهرەمەند بن. بەشێکی زۆر لەو موعەلیمانە، مانگەکانی هاوین بە کرێکاری و سەختترین کارەکان تێدەپەڕێنن و ساڵی نوێی خوێندن بە جەستەیەکی ماندوو و شەکەتەوە دەست پێ دەکەنەوە.

بە هەموو ئەم دژوارییانەوە، ئەوەی کە جێگەی ئومێدە، ئەو ڕاستییەیەکە کە موعەلیمانی ئێران تەسلیم نەبوون. کۆبوونەوە سەراسەرییەکان، مانگرتنەکان، بەیاننامەی ڕێکخراوە پیشەییەکان و حزووری موعەلیمان شانبەشانی کرێکاران، خانەنشینان و بنەماڵە دادخوازەکان، لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام بەشێک بووە لە بزووتنەوەی زیندووی کۆمەڵگە.
لە ئێرانی ئازادی سبەی ڕۆژدا، بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و جیاکردنەوەی پەروەردە لە بیری ئایینی، هەموو تواناکانی قوتابیان لە بری بیرۆکە خورافییەکان، ڕوو لە پەروەردەی زانستی، بیری ڕەخنەگرانە و لێهاتوویی و داهێنانەکانی ژیان دەکات. لەو کۆمەڵگەیەدا، هیچ منداڵێک بە هۆی هەژاری، ڕەگەزنامە، زمان، ڕەگەز یان شوێنی ژیان لە خوێندن بێبەش نابێت. پەروەردەی بێبەرانبەر و گشتی، مافێکی مسۆگەرکراوی هەر منداڵێک دەبێت و قوتابخانەکانی گوند و شار لە ئیمکاناتی پێشکەوتووی سەردەم بەهرەمەند دەبن. منداڵان بە زمانی دایکیی خۆیان دەخوێنن و موعەلیمان لە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی، بژێویی شایستە و ئەمنییەتی پیشەیی بەهرەمەند دەبن.
لە ئاوا بارودۆخێکدا، بەهرەکان گەشە دەکەن و سەرمایەی گەورەی مرۆڤیی ئەم وڵاتە، لە بری بەهەدەرچوون بەهۆی هەژاریی و شەڕ و سەرکوتەوە، دەکەوێتە خزمەت گەشەپێدان، ئازادی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی قوتابیان، خوێندکاران، موعەلیمان و سەرجەم کارمەندانی قوتابخانە و زانکۆکانی ئێران دەکات. یادی قوتابیان و خوێندکارانی گیانبەختکردووی شەقامەکان، منداڵانی قوتابخانەی میناب و موعەلیمانی بەندکراو بەرز ڕادەگرین و خوازیاری ئازادیی دەستبەجێی سەرجەم موعەلیم و خوێندکارە بەندکراوەکانین.
بەو هیوایەی کە لە ساڵی نوێی خوێندندا، ناوەندە پەروەردەییەکانی ئێران لە سەرانسەری وڵات، بەردەوام پێشەنگی نارەزایەتی و خەباتی مافخوازانەی جەماوەر بن، قوتابخانە و زانکۆ هەروا سەنگەری وشیاری، هاوپشتی و ئازادیخوازی بمێنێتەوە و نەوەی نوێ، ئاڵاهەڵگری بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، یەکسان و ئینسانی بێت.

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٢٦ی خەرمانانی ١٤٠٥**

******

# پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، لە دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانەوە تا لەسێدارەدانە بەردەوامەکان



کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران ڕۆژی شەممە ٧ی خەرمانانی ١٤٠٥، ڕاپۆرتی هەفتانەی خۆی سەبارەت بە دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران بڵاو کردەوە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لە ماوەی شەممە ٣١ی گەلاوێژ تا ڕۆژی هەینی ٦ی خەرمانانی ١٤٠٥، لانیکەم ٥٨ حاڵەتی دەستبەسەرکردنی تازە ڕاگەیەندراوە، ٢٨ حاڵەتی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان و زیاتر لە ٤٠ کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە سەرانسەری وڵاتدا تۆمار کراوە.
بە پێی ڕاپۆرتی ئەم دامەزراوەیە، هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرکردنە نوێیەکان، لانیکەم ١١ هاووڵاتیی بەهایی دەستبەسەر کراون یان بەمەبەستی جێبەجێکردنی سزاکانی پێشوویان ڕەوانەی بەندیخانە کراون، دوو سزای نوێی لەسێدارەدان بۆ نارازییان دەرچووە، شەش خوێندکاری زانکۆی پیشەسازیی شەریف ڕووبەڕووی سزای دەرکردن بوونەتەوە و نزیکەی ١٢٦٠ وەرزێر کرێکار لە دۆخی بێکاری یان نارِوونیی پیشەییدا دەژین.
بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، یەکێک لە بەربڵاوترین حاڵەتەکانی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لەو هەفتەیەدا، بریتی بووە لە دەستبەسەرکردنی لانیکەم ٣٠ هاووڵاتی لە شارەکانی محەلات و نیمور لە پارێزگای مەرکەزی. ئەو ناوەندەی دەستبەسەرکردنەکانی ئەنجام داوە ئیدعای کردووە کە ئەم کەسانە بەشدارییان لە نارەزایەتییە سراسەرییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤دا کردووە، بەڵام کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران دەنووسێت کە ناوی دەستبەسەرکراوان، بەرواری وردی دەستبەسەرکردن، ئەو تۆمەتانەی خراوەتە پاڵیان، شوێنی ڕاگرتن و دۆخی دەستڕاگەیشتنیان بە پارێزەر و بنەماڵەکانیان ڕانەگەیەندراوە.
هاوکات، ژمارەیەک لە هاووڵاتییان لە پارێزگاکانی ئیلام، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و ئیسفەهانیش دەستبەسەر کراون. لە نێو حاڵەتە تۆمارکراوەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا دەکرێت ئاماژە بکرێت بە گواستنەوەی میلاد عەلایینەسەب لە دەرەشەهرەوە بۆ شوێنێکی نادیار، دەستبەسەرکردنی عەلی ڕەسوڵنەژاد لە شوێنی کارەکەی لە مهاباد و دەستبەسەرکردنی ئەفشین تەوەسولی لە ماڵەکەی خۆیدا و بەبێ نیشاندانی بڕیاری دادگا هەر لەو شارە. کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران هەروەها هەواڵی دەستبەسەرکردنی توندوتیژانەی شاهین ئازەری لە نەغەدە و برینداربوونی ئەمین ناسری خەڵکی ئاسماناوا بە هۆی تەقەکردن لە کاتی دەستبەسەرکردنی، بڵاو کردووەتەوە، بە وتەی ئەم دامەزراوەیە، تا ئێستا زانیارییەکی ڕوون سەبارەت بە دۆخی جەستەیی و شوێنی ڕاگرتنی ئەمین ناسری بڵاو نەکراوەتەوە.
هەر لەو ماوەیەدا، یونس بەکری، یاسر هەواسی و ڕوحوڵڵا غوڵامی لە ئاسماناوا، سەعدون داستار، ڕەحمان ئازەرخەش و سەنعان فەراستی لە شنۆ، و سۆران مەحمودی، محەممەد دانشمایە و لوقمان سەیدە لە پیرانشار دەستبەسەر کراون یان بۆ شوێنی نادیار گوازراونەتەوە. مەهدی سەعدوەندی، ئەندامی دەستەی زانستیی زانکۆی هونەری ئیسفەهانیش لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر کراوە، هۆکاری دەستبەسەرکردن، ئەو تۆمەتانەی خراوەتە پاڵی و هەروەها شوێنی ڕاگرتنی هێشتا نادیارە.
ڕاپۆرتی کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران نیشان دەدات کە لە ماوەی ٣١ی گەلاوێژەوە تا ٣ی خەرمانان، لانیکەم ١١ هاووڵاتیی بەهایی لە حەوت پارێزگای وڵات دەستبەسەر کراون یان بەمەبەستی جێبەجێکردنی سزاکانی پێشوویان ڕەوانەی بەندیخانە کراون. ئەم هەنگاوانە هاوکات بووە لەگەڵ پشکنینی ماڵ و شوێنی کاسبی، پلۆمپکردنی کارگاکان و دەستبەسەرداگرتنی مۆبایل، کۆمپیوتەر، پارەی نەخد، زێڕ، ئۆتۆمبێل، کەلوپەلی پیشەیی و کەلوپەلی تایبەتی بنەماڵەکان.
لە ساری، سورەیا مەنووچێهرزادە، ماراڵ ڕەوشەنی، نیگار بەدیعی، شیما سەنایی و فاخیرە زاهیدی دەستبەسەر کران و ماڵەکانیان پشکێنرا. ئەرسەلان یەزدانی لە تاران دەستبەسەر کرا و کەلوپەلە کەسییەکانی دەستی بەسەردا گیرا، ئیمان ڕەشیدی بەمەبەستی جێبەجێکردنی سزای سێ ساڵ و شەش مانگ زیندان، ڕەوانەی زیندانی یەزد کرا و سەریر مووقن لە ئیسفەهان دەستبەسەر کرا و ڕەوانەی زیندانی دەوڵەتاباد کرا.
بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، بڕیاری دەستبەسەرکردنی سورەیا مەنووچێهرزادە، شیما سەنایی و فاخیرە زاهیدی بۆ مانگێکی تر درێژ کراوەتەوە و ئەم سێ ژنە لە کاتی دەستبەسەرکردنیانەوە لە دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر و ئیمکانی پەیوەندی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکانیان بێبەش کراون.
بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، مەجید ئادینە، لە دەستبەسەرکراوانی نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ لە کەرەج، ڕۆژی یەکی خەرمانان لەسێدارە درا. ئەو پێشتر بە تۆمەتی ئەمنییەتی بە لەسێدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی مڵک و ماڵەکەی مەحکووم کرابوو، جێبەجێکردنی سزای ناوبراو لە دۆخێکدا ئەنجام درا کە کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران سەبارەت بە پرۆسەی دادگاییکردن، دەستڕاگەیشتنی کاریگەر بە پارێزەر و بڕواپێکراویی بەڵگەنامەکانی دۆسیەکەی کۆمەڵێک پرسیاری جدیی هێناوەتە ئاراوە.
لە هەمان هەفتەدا، ئەمیرمحەممەد موجەلەل چووبەری، گەنجێکی ٢٢ ساڵەی دەستەبەرکراو لە زیندانی قزلحەسار، لە پەیوەندی بە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤دا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا و حوسێن نەزەری، ٢٥ ساڵە و ڕاگیراو لە زیندانی وەکیلابادی مەشهەد، بە بڕیاری لقی یەکەمی دادگای شۆڕشی مەشهەد سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا. هەروەها دۆسیەی لەیلا ئەبوولحەسەنی، ژنێکی ٤٣ ساڵە و دایکی دوو کچی تازەلاو، دوای دەرچوونی سزای لەسێدارەدان بە تۆمەتی «محاربە» ڕەوانەی دیوانی باڵای وڵات کراوە.
کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران دەنووسێت کە جێبەجێکردنی سزای لانیکەم ٢٨ زیندانی لە ڕاپۆرتەکانی ئەم هەفتەیەدا تۆمار یان تەواو کراوە و ئەم لەسێدارەدانانە لە زیندانەکانی سەبزەوار، کەرەج، ماکۆ، دێهدەشت، عادڵابادی شیراز، تەورێز، ئەهواز، زاهیدان، قزلحەسار، بروجێرد، مەشهەد، سمنان، ئیسفەهان، ساری، ڕەشت، خوڕەماباد و یەزد ئەنجام دراون. لە نێو حاڵەتە بەرچاوە تۆمارکراوەکاندا دەکرێت ئاماژە بکرێت بە لەسێدارەدانی دوو برا بە ناوەکانی سەعید نەجەفی و حەمید نەجەفی لە قزلحەسار، لەسێدارەدانی ئومێد شاهۆزەهی لە زاهیدان، لەسێدارەدانی بەهرام کەشاوەرزی لە عادڵابادی شیراز و لەسێدارەدانی ئەردەڵان سەبزی لە ماکۆ. لە خوڕەماباد محەممەدرەزا ڕەزایی، موستەفا وسووقی و تەها خاوەری، لە ساری مەسعود نێعمەتی و ئیسماعیل عەجەمی، لە یەزد عەلیئەسغەر سالارزەهی و عیماد شیخی، لە ڕەشت زەهرا عەزیزپوور و هیدایەت جەماڵزادە، لە سمنان حامید ئیمامی و محەممەدعەلی کەفاشی، لە

لە مەشهەد مەحموود تالبی و حوسێن حەساری، لە ئیسفەهان ساڵح و مەرئات زەیدابادی و ئارەزوو ڕەستاد، لە تەورێز عەلی صادقی و لە ئەهواز یوسف باوی، لە زومرەی ئەو زیندانییانە بوون کە لەسێدارەدانیان لەم ڕاپۆرتەدا تۆمار کراوە.

بە گوێرەی کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران، لە بەشێکی بەرچاو لەم دۆسیانەدا زانیارییەکی ڕوون سەبارەت بە دەستڕاگەیشتن بە پارێزەری هەڵبژێردراو، بەڕێوەچوونی دادگای ئاشکرا و ئیمکانی بەرگریی کاریگەر بوونی نییە.

ڕاپۆرتی ئەم هەفتەیە هەواڵی تۆمارکردنی لانیکەم ٤١ کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە شارەکان و ناوەندە پیشەسازییەکانی بڵاو کردووەتەوە. خانەنشینانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لە شوش، کرماشان، ڕەشت، تاران و ئەهواز داوای زیادکردنی حەقدەست و باشترکردنی بیمەی دەرمانییان کرد، و خانەنشینانی بەشی پەیوەندییەکان (مخابرات) لە شیراز، سنە، بیجاڕ، هەمەدان، تاران و چەند شاری تر لەسەر جێبەجێکردنی هاوتاکردنی مووچە و داواکارییە بیمەییەکانی خۆیان جەختیان کردەوە.

کرێکارانی فولادی ئیسفەهان خوازیاری هاوتاکردنی حەقدەست و بیمەی دەرمانی بوون، کارمەندانی نەوت و گازی پارس لە ١٦ بەش و سەکۆی دەریاییدا خوازیاری چاکسازیی حەقدەست و دۆخی پیشەیی خۆیان بوون، کرێکارانی لوولەسازیی ئەهواز داواکارییە پیشەیی و مووچەییەکانی خۆیان هێنایە ئاراوە و کرێکارانی پترۆشیمی نەوتی ماروونی ئەهواز خوازیاری پێڕاگەیشتن بە دۆخی دامەزراندنی خۆیان بوون. لە گەرمساریش هاووڵاتییانی نارازی بەرامبەر بە قەیرانی ئاو، داوای دابینکردنی ئاو و وەڵامدانەوەی بەرپرسانیان کرد و لە تارانیش کۆمەڵێک لە کڕیارانی ئۆتۆمبێل جەختیان لەسەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی کۆمپانیاکان کردەوە. بە پێی ڕاپۆرتی کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران، دواکەوتنی حەقدەست، کێشەکانی بیمەی دەرمانی، جێبەجێ نەبوونی هاوتاکردنی حەقدەست، دابەزینی داهات، نائەمنی پیشەیی، هەڕەشەی دەرکردن، قەیرانی ئاو و عەمەل نەکردنی کۆمپانیاکان بە بەڵێنە داراییەکانیان، لە زومرەی گرنگترین هۆکارەکانی ئەم نارەزایەتییانە بوون.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، بۆ شەش خوێندکاری زانکۆی پیشەسازیی شەریف لە پەیوەندی بە نارەزایەتییە خوێندکارییەکانی ڕەشەمەدا، بڕیاری دەرکردن دەرچووە. کامیار مەلاکی، خوێندکاری ئەندازیاریی تەلارسازیی زانکۆی ئازادی بیرجەندیش بە هۆی بیروباوەڕی بەهایی دەرکرا و لە درێژەدان بە خوێندن بێبەش کرا.

لە بواری کاردا، نزیکەی ٢٠٥ کرێکاری دوورخراوەی نەساجی بروجێرد و نزیکەی ١٠٠ کرێکاری دەرکراوی پترۆشیمی پێترۆنادی ماهشەهر هێشتا چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیانن. کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران هەروەها ئاماژەی بە نارِوونیی پیشەیی نزیکەی ١٧٠ کرێکاری کارگەی پوویانەخی ئیلام، نزیکەی ٩٠ کرێکاری کارگەی ئیران‌کۆلای ئێرانشار دوای داخرانی، و بێکاریی بەکردەوە، دابەزینی داهات و کێشەی بیمەیی نزیکەی هەزار هێزی کۆمپانیای فڕۆکەوانیی ئاسمان کردووە.

کۆی ڕووداوەکانی ئەم هەفتەیە، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی کانوونی مافەکانی مرۆڤی ئێران، نیشان دەدات کە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا تەنیا بە زیندانەکان سنووردار نەبووەتەوە و زانکۆکان، ناوەندەکانی کار، ماڵی هاووڵاتیان و کۆبوونەوە پیشەییەکانیشی گرتووەتەوە. بەردەوامبوونی جێبەجێکردنی بەربڵاوی لەسێدارەدانەکان، دەستبەسەرکردنی نارازیان، گوشار بۆ سەر کەمینە ئایینییەکان و بێبەشکردنی هاووڵاتیان لە خوێندن و کارکردن، نیشانەی توندتربوونی سیاسەتێکی ڕێکخراوە بەمەبەستی زاڵکردنی ترس و کپکردنی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان.

******

## به یادی شەریف باجوور و هاوڕێیانی، کە لەناو ئاگردا مانەوە تا دارستانەکان بمێنێتەوە

سێی خەرمانان، بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ سروشتی زاگرۆس لێدەدات، یەکێکە لە ڕۆژە خەمناکەکانی مێژووی کوردستان کە هەرگیز لە بیر ناکرێن. هەشت ساڵ لەوەپێش لەوەها ڕۆژێکدا لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، ئاگر بەربووە دارستانەکانی دەوروبەری گوندەکانی پیلە و سەلەسێ و چوار کەس لە ڕۆڵە چالاکوان و پڕجۆش و خرۆشەکانی شاری مەریوان بە ناوەکانی: شەریف باجوور، ئومێد کۆنەپۆشی، ڕەحمەت حەکیمی‌نیا و محەممەد پەژووهی، کە بەمەبەستی کوژاندنەوەی بڵێسەی ئاگرەکە ڕوویان لە کەژ و شاخەک ئاستمەکان کردبوو، لە بۆ هەمیشە بەجێیان هێشتین. شەریف باجوور ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سەوزی چیا و بەرپرسی تیمی ئاگر کوژاندنەوەی ئەو ئەنجومەنە بوو، ئومێد کۆنەپۆشی ئەندامی هەمان ئەنجومەن و ڕەحمەت حەکیمی‌نیا و محەممەد پەژووهیش لە زومرەی جەنگەڵبانانی ناوچەکە بوون. ئەوان نەک بە ئامێری پێشکەوتوو، بەڵکوو بە دەستی بەتاڵ و بە لقی تەڕی دارەکان و بەوپەڕی هەستی بەرپرسیارێتییەوە، بەگژ ئاگرەکەدا چوون.

شەریف باجوور تەنیا هەڵسووڕاوێکی ژینگەپارێز نەبوو، ئەو لەو دەگمەن کەسانە بوو کە تێگەیشتبوو بەرگری لە سروشت جیاواز نییە لە بەرگری لە ژیانی خەڵک. دەنگی ئەو لە ئاست پشتیوانی لە کۆڵبەران، زیندانیان، کرێکاران و موعەلیمانیشدا بەرز بوو. تەنیا چەند مانگێک پێش لە گیانبەختکردنی، مەودای کوردستان تا تارانی بە دۆچەرخە بڕی و دەستی دایە مانگرتن لە خواردن بۆ ئەوەی دەنگی کۆڵبەران و چالاکوانانی بەندکراو بگەیەنێت.

هەشت ساڵ تێپەڕیوە و ئەو پرسیارەی ئەو چوار جەستە سووتاوە خستیانە بەردەم کۆمەڵگە، هێشتا بێ وەڵام ماوەتەوە. ئەرکی پاراستنی دارستانەکانی زاگرۆس هێشتاش لەسەر شانی خەڵکی خۆجێیی و ئەو خۆبەخشانەیە کە بە کەمترین ئامێر و ئیمکاناتەوە بەرەورووی مەترسی دەبنەوە. نەبوونی ئامێری تایبەت، لاوازیی توانای کوژاندنەوەی ئاسمانی و سەختیی دەستڕاگەیشتن بە داوێنی شاخەکان، هەر ئاگرکەوتنەوەیەک دەکاتە مەترسییەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر گیانی ئەم خۆبەخشانە. ئەم زنجیرەیە بێ پسانەوەیە: ڕێکەوتی دووی گەلاوێژی ١٤٠٤، لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگرکەوتنەوەکەی کێوی ئاویەری سنە، ژمارەیەک لە چالاکوانان بەسەختی بریندار بوون و حەمید مورادی، چیاکۆ یوسفینژاد و خەبات ئەمینیش گیانیان لەدەستدا. ناوەکان نوێن، بەڵام چیرۆکەکە هەمان چیرۆکە.

ئامارەکان ڕەهەندەکانی کارەساتەکە زیاتر ڕوون دەکەنەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجومەنی سەوزی چیا، تەنیا لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٤ەوە تا کۆتایی خەرمانانی هەمان ساڵ، ٢٢٧ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە دارستان و لەوەڕگاکانی مەریوان و ناوچەکانی دەوروبەری تۆمار کراوە، ئاگرگەلێکی کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نەک بە ئیمکاناتی دەوڵەت، بەڵکوو بە هیممەتی ئەندامانی ئەنجومەنەکان و خەڵکی ناوچەکە کوژاونەتەوە.

لە پاڵ ئەمانەدا دەبێت یادێکیش بکرێت لە چارەنووسی موختار خەندانی و هاوڕێیانی، کە بەهۆی تەقینەوەی مینە چێنراوەکانی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق گیانیان لەدەستدا و هەروەها یادی دەیان چالاکوان و ڕاگەیاندنکاری ژینگە کە بەهۆی ئاشکراکردنی تێکدانی سروشتی کوردستان دەستبەسەر، زیندانی و ئەشکەنجە دراون. پاراستنی سروشت لەم جوغرافیایەدا باجێکی دوو لایەنەی هەیە: هەم ئاگر و هەم زیندان.

**یادی ئەو ئازیزانە بۆ هەمیشە لە دڵماندا زیندووە**



پێشڕەو

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٧ - خەرمانانی ١٤٠٥ -September ٢٠٢٦

# ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»

چوار ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێت کە ناوی ژینا ئەمینی بووە هێمای خەبات بۆ ئازادی، یەکسانی و ڕزگاری لە ستەم و چەوسانەوە. ڕۆژی ٢٣ی خەرمانانی ١٤٠١، ژینا، کچە گەنجێکی ٢٢ ساڵەی خەڵکی سەقز، بە بیانووی ئەوەی کە مەئمورانی گەشتی ئیرشاد ناویان نابوو «حیجابی نەشیاو»، لە تاران دەستبەسەر کرا و بەهۆی لێدان و ئەشکەنجەوە گیانی لەدەستدا. ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان، هەواڵی گیانلەدەستدانی، شەپۆلێک لە تووڕەیی و پەژارەی لە سەراسەری ئێراندا وروژاند. ڕۆژێک دواتر، دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ژینادا لە ئارامگەی ئایچیی سەقز کۆبوونەوە و دروشمی مێژوویی «ژن، ژیان، ئازادی»یان بەرزکردەوە، دروشمێکی کە بەخێرایی لە کوردستانەوە بۆ سەراسەری ئێران و لە ئێرانەوە بۆ جیهان دەنگی دایەوە.

قەتڵی حکومەتیی ژینا، بڕووسکەی سەرهەڵدانێک بوو کە زەمینەکانی لە ماوەی دەەیان ساڵ خۆڕاگریی ژنان، کرێکاران، گەنجان، خوێندکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان و نەتەوە ژێردەستەکانی تر شکڵی گرتبوو. شۆڕشی ژینا ڕووداوێکی کتوپڕ و دابڕاو لە خەباتەکانی پێشوو نەبوو، تەقینەوەی بورکانی تووڕەیی کەڵەکەبووی کۆمەڵگەیەک بوو کە نزیکەی نیو سەدە سەرکوتی سیاسی، ئاپارتایدی ڕەگەزی، چەوسانەوەی چینایەتی، هەژاری، هەڵاواردن و سووکایەتیی ئەزموون کردووە.

سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» سیمای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێرانی گۆڕی. ئەم سەرهەڵدانە، خەبات لەدژی کۆنترۆڵکردنی جەستە و ژیانی ژنانی لە سنووری نارەزایەتی بەرامبەر بە حیجابی زۆرەملێ تێپەڕاند و بەستییەوە بە بەدیهێنانی ئازادییە سیاسییەکان، یەکسانیی کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی، ئەمنییەتی ئابووری و ڕزگاری لە هەر چەشنە ستەم و هەڵاواردنێک. لە کوردستان، وەک کوانووی سەرهەڵدانی ئەم ئاخێزە، بزووتنەوەکە بەخێرایی ڕەهەندێکی جەماوەریی بەخۆیەوە گرت و مانگرتنی گشتی، کۆبوونەوەی سەرشەقام و هاوپشتیی کۆمەڵایەتی بوونە چەکی کاریگەری جەماوەر لە بەرامبەر دەزگای سەرکوتدا.

بۆ ماوەی چەندین مانگ، شەقامەکانی زیاتر لە ١٥٠ شاری ئێران بوونە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی ژنان و پیاوانی گەنج و ئازادیخواز لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی. ڕژێمی ئیسلامی لە بەرامبەر بزووتنەوەیەکدا کە بنەما ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانی خستبووە ژێر پرسیارەوە، بە تەواوی توانایەوە هاتە مەیدان. سەدان کەس گیانیان لەدەستدا، هەزاران کەس دەستبەسەر و زیندانی کران، ژمارەیەکی زۆر بریندار یان کەمئەندام بوون و حکومەت بۆ زاڵکردنی فەزای ترس و تۆقاندن، ژمارەیەک لە گەنجانی نارازیی لەسێدارە دا. سەرەڕای هەموو ئەمانە، خەڵک بە خۆڕاگرییەکی بێوێنە نیشانیاندا کە سەردەمی ملکەچی و بێدەنگی کۆتایی پێهاتووە.

ئەگەرچی حزووری بەربڵاو و بەردەوامی سەرشەقام دوای چەند مانگ دابەزی دامرکایەوە، بەڵام شۆڕشی ژینا کۆتایی نەهاتووە. ئەم بزووتنەوەیە بە گرتنەبەری شێوازەکانی دیکەی خەبات، لە ناوەندەکانی کار، زانکۆکان، قوتابخانەکان، گەڕەکەکان، زیندانەکان، گۆڕەپانی هونەر و فەرهەنگ، تۆڕەکانی هاوپشتی و هەر لە خۆڕاگریی ڕۆژانەی ژناندا بەردەوامیی بە ژیانی خۆی داوە. سەرپێچی بەربڵاوی ژنان لە بەرامبەر حیجابی زۆرەملێ، ڕاوەستاویی بنەماڵە دادخوازەکان، نارەزایەتییەکانی کرێکاران و خانەنشینان، خەباتی موعەلیمان و خوێندکاران و خۆڕاگریی زیندانیانی سیاسی، هەموویان نموونەیەکی ئاشکران لە بەردەوامیی ئەو بزووتنەوەیە.

کۆماری ئیسلامی لەم چوار ساڵەدا هەوڵی داوە بە دەستبەسەرکردن، دەرکردن، بانگهێشتکردن، هەڕەشە، پەروەندەسازی، لەسێدارەدان، گوشار بۆ سەر بنەماڵەی گیانبەختکردووان و توندکردنەوەی کەشی ئەمنی، شوێنەوارەکانی شۆڕشی ژینا بسڕێتەوە. حکومەت لە سەروبەندی هەر ساڵیادێکدا، بە بڵاوەپێکردنی هێزە سەرکوتگەرەکان، داخستنی ڕێگاکانی چوون بۆ ئارامگەکان و ڕێگری لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی یادکردنەوە، ترس و خۆفی خۆی لە یادەوەری بەکۆمەڵی جەماوەر ئاشکرا کردووە.

بنەماڵە دادخوازەکان و دایکانی جەرگسووتاو، بە خۆڕاگری و چاونەترسیی خۆیان، یادەوەرییەکانی ئەو بزووتنەوەیەیان بە زیندوویی ڕاگرتووە. ڕێوڕەسمەکانی ڕێزلێنان لە گیانبەختکردووان بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی خۆڕاگریی و نارەزایەتی، ڕێوڕەسمگەلێکی کە خەڵک لەدەوری یەک کۆدەکەنەوە، درۆکانی لەقاو دەدەن و لەسەر خواستی دادپەروەری، ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و کۆتاییهێنان بە پارێزبەندی بڕیادەر و ئەنجامدەرانی سەرکوت جەخت دەکەنەوە. کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە و ناتوانێت بە هەڕەشە و سەرکوت، دەنگی دادخوازی کپ بکات.

شۆڕشی ژینا گەلێک دەستکەوتی درێژخایەنی بەجێهێشتووە. ئەم بزووتنەوەیە وشیاری گشتی بەرامبەر بە مافەکانی ژنان و یەکسانیی ڕەگەزی پەرەپێداوە، زۆرێک لە تابوو و نەریتە کۆنەکانی لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا کشکاند و ژنانی نەک وەک قوربانی، بەڵکوو وەک پێشەنگانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە جیهان ناساند. خۆڕاگریی ژنان، حیجابی زۆرەملێی وەک یەکێک لە گرنگترین بنەما ئایدۆلۆژییەکانی کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانێکی قووڵ کرد و نیشانیدا کە هیچ یاسا و پێکهاتەیەکی سەرکوتگەر لە بەرامبەر نافەرمانی بەربڵاو و وشیارانەی کۆمەڵگەدا پارێزراو نییە.

ئەم بزووتنەوەیە هەروەها هاوپشتیی نێوان خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی تری ئێرانی بەهێز کرد و سیاستی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و ڕەوتە شۆڤێنیست و کۆنەپەرستە ئۆپۆزسیۆنەکانی تووشی ئاڵنگاریی کرد. ئەو دروشمانەی کە لە سەقز و سنەوە بەرزکرانەوە، لە تاران، بەلووچستان، خوزستان، ئازەربایجان و سەراسەری ئێران دەنگیان دایەوە. شۆڕشی ژینا نیشانیدا کە خەبات بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی، یەکسانیی ڕەگەزی، ئازادیی سیاسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک داواکاریی دابڕاو لە یەکتر نین، بەڵکوو بەشێکن لە خەباتێکی هاوبەش بۆ ڕزگاری.

درووشمی «ژن، ژیان، ئازادی» توانی ئازادیخوازیی مەدەنی بە عەدالەتخوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە گرێبدات. واتای قووڵی ئەم دروشمە تەنیا ئازادیی جلوبەرگ نییە، بەڵکوو مافی بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی ئینسانی، مافی کار و بەڕێچوون، مافی ڕێکخراوەیی و مانگرتن، مافی ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە، مافی بڕیاردان لەسەر جەستە، یەکسانیی تەواوی ژنان و پیاوان، سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی و کۆتاییهێنان بە هەژاری، گەندەڵی و چەوسانەوەش دەگرێتەوە. شۆڕشی ژینا خەبات لەدژی ئاپارتایدی ڕەگەزیی لەگەڵ خەبات بۆ نان، ئازادی و بەڕێوەبردنی شۆڕایی کۆمەڵگە بەیەکەوە گرێدا.

ئەزموونی چوار ساڵی ڕابردوو جارێکی تر نیشانیداوە کە کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای قەیرانە قووڵە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیییەکان، تەنیا بەهۆی لاوازبوون و بێتوانایی خۆیەوە وەلانانرێت، بەڵکوو ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژێمە و گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی، پێویستی بە پەرەپێدان بە خەباتێکی وشیارانە، ڕێکخراو، جەماوەری و سەراسەری هەیە. بەردەوامیی خەبات و لە هەمان کاتدا، پاراستنی هێز و پۆتانسێلی بزووتنەوەکە و کەمکردنەوەی تێچووە مرۆییەکان، پێویستی بە ژیریی سیاسی، ڕێکخستنی بەردەوام و گرتنەبەری تاکتیکی جۆراوجۆر هەیە لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی ڕووندا.

لەم پێناوەدا، چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش ڕۆڵێکی یەکلایکەرەوە دەگێڕن. هێزی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە تەنیا لەسەر شەقام دەرناکەوێت، بەڵکوو ئەم هێزە لە کارگەکان، ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، قوتابخانەکان، زانکۆ و گەڕەکەکانیشدا بوونی هەیە. مانگرتنی گشتی و سەراسەری، بەتایبەت کاتێک هاوکات بێت لەگەڵ نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و ڕێکخستنی گەڕەکەکان، دەتوانێت ئامێری سەرکوت لەکار بخات و دەسەڵات لە بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بێبەش بکات. ئەزموونی مانگرتنە گشتییەکان لە کوردستان نیشانیداوە کە ئیرادەی یەکگرتووانە و ڕێکخراوی جەماوەر دەتوانێت ڕژێم ناچار بە پاشەکشە بکات.

یەکێک لە پێویستییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغەی ئێستا، بریتییە لە بەهێزکردنی هاوپشتیی نێوان بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی کرێکاری، خەباتی خوێندکاران و موعەلیمان، نارەزایەتییەکانی خانەنشینان، بزووتنەوەی دادخوازی، بزووتنەوە ژینگەیییەکان و خەباتی خەڵکی ستەملێکراو. هیچکام لەم بزووتنەوانە بە تەنیا ناتوانن هەموو ئامانجەکانیان دەستەبەر بکەن. ڕەمزی سەرکەوتن لەوەدایە کە ئەم خەبات و نارەزایەتییانە لە دەوری ویست و داواکارییە هاوبەشەکان، ڕێکخراوبوون لە خوارەوە و ئاسۆیەکی ڕزگارییەبەخش و سۆسیالیستی بەیەکەوە گرێبدرێن.



هاوپشتیی جیهانی لەگەڵ خەباتی خەڵکی ئێرانیش یەکێک بوو لە دەستکەوتە گرنگەکانی شۆڕشی ژینا. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» سنووورە جوگرافی و زمەنییەکانی بری و بووە هێمایەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ستەم و هەڵاواردن. لە هەمان حاڵدا، دەبێت لە بەرامبەر هەوڵی دەوڵەتە پاوانخواز و هێزە کۆنەپەرستەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم بزووتنەوەیە خۆڕاگریی بکرێت. خەڵکی ئێران بۆ جێگرتنەوەی شکڵێک لە خۆسەپێنی و ستەم و سەرەڕۆیی، هەڵاواردن و چەوسانەوە بە شکڵێکی تر خەبات ناکەن. داهاتووی ئێران دەبێت بە دەستی خۆدی خەڵک و لە ڕێگەی خەباتێکی سەربەخۆ، ڕێکخراو و وشیارانەوە بنیات بنرێت.

چوار ساڵ دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا، کۆماری ئیسلامی هەروا لەسەر دەسەڵاتە و زۆرێک لە داواکارییەکانی ئەم بزووتنەوەیە هێشتا نەهاتوونەتە دی، بەڵام کۆمەڵگەی ئێران ئیتر ئەو کۆمەڵگەی پێش لە خەرمانانی ١٤٠١ نییە. ژنان، گەنجان و خەڵکی ستەملێکراو هێزی خۆیان ناسیوە. ڕژێم دەتوانێت نارەزایەتییەکان بە شێوەیەکی کاتی سەرکوت بکات، بەڵام ناتوانێت زەمینە مادی و کۆمەڵایەتییەکانیان لەناو ببات.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی ژینا ئەمینی و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگەی ئازادی و یەکسانی، لەسەر ئازادی بێ شەرت و مەرجی زیندانیانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، کۆتاییهێنان بە سەرکوتی ژنان، بەفەرمی ناسینی ئازادیی ڕێکخراوبوون، مانگرتن، کۆبوونەوە و ڕادەربڕین و دادگاییکردنی ئاشکرای سەرجەم بڕیاردەر و ئەنجامدەرانی کوشتار و سەرکوت جەخت دەکاتەوە.

ئێمە داوا لە کرێکاران، ژنان، گەنجان، خوێندکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، بنەماڵە دادخوازەکان و سەرجەم هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان دەکەین کە چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا بە شێوازی جۆراوجۆر و داهێنەرانە، یەکگرتووانە و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی هەر شار و ناوەندێکی کار و ژیان بەرز ڕابگرن، یادی گیانبەختکردووان بە زیندوویی بهێڵنەوە، پشتیوانی لە بنەماڵە دادخوازەکان و زیندانیانی سیاسی بکەن و بۆ پەرەپێدان بە ڕێکخستن، هاوپشتی و خەباتی هاوبەش تێبکۆشن.

شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» نەک هەر ڕووداوێکی کۆتاییهاتوو نییە، بەڵکوو دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ڕزگاری. ئەو تۆوانەی لە خەرمانانی ١٤٠١دا چێنران، لە خۆڕاگریی ڕۆژانەی ژنان، لە مانگرتنی کرێکاران، نارەزایەتیی خوێندکاران، پایداریی بنەماڵە دادخوازەکان و لە ئارەزووی ژیانێکی باشتری ملیۆنان مرۆڤدا زیندون. ئەم خەباتە تا لەگۆڕنانی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، یەکسان، سۆسیالیستی و بەدوور لە هەرچەشنە ستەم و چەوسانەوەیەک بەردەوام دەبێت.

**بەرز و بەڕێز بێت یادی ژینا ئەمینی و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگەی ئازادی!**

**بژێت هاوپشتیی خەباتکارانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران!**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**خەرمانانی ١٤٠٥**

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٧ - خەرمانانی ١٤٠٥ -September ٢٠٢٦

## چیرۆکێک سەبارەت بە کەلێنی چینایەتی لە گەورەشارێکدا کە ئاوێنەی باڵانوێنی ئێرانی ئەمڕۆیە

تاران ئەگەر لە سەرەوە تەماشای بکەیت، شارێکە کە لە چوارچێوەیەکدا جێی نابێتەوە، شارێکی کە تێیدا دوو جیهانی هاوتەریب لە تەنیشت یەکتردا هەناسە دەکەن، بەڵام هەرگیز بە یەک ناگەن. هەر ئەوەندە بەسە کە مەودایەکی کورت لە شەقامی موختاری و شووشەوە بەرەو نیاوەران و زەعفەرانییە ببڕیت تا بزانیت ئەم شارە چۆن لە ناخی خۆیدا دوو دیمەنی تەواو دژواز هەڵدەگرێت: باشوورێکی کە تێیدا ژیان ڕۆژ بە ڕۆژ سەختتر دەبێت، و باکوورێک کە تێیدا ژیان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەنگ و ڕووی لووکس‌تر بەخۆیەوە دەگرێت.

لە گەڕەکەکانی باشووری تاران، لە نێوان شەقامی موختاری، شووش و دەروازەغار، ژیانی ڕۆژانە شێوازێکی دیکەی هەیە، گۆیا ئابووری لە جووڵە کەوتووە و خەڵک و کاسبکاران لە هەوڵدان تەنیا «ئەمڕۆیان» بگەیەننە سبەینێ. لەم کۆڵان و کەلەبەرانەدا، هەژاری بووەتە سیمای شەقامەکان، بووەتە ڕیزە دوورودرێژەکانی نان، بووەتە نیگای شەرمنانەی ئەو کڕیارانەی داوای نرخەکان دەکەن و بەبێ دەنگی لە دوکانەکە دێنە دەرەوە. یەکێک لە کاسبکاران دەڵێت: «ئەمڕۆ کاڵایەک دەفرۆشیت، بەیانی نرخەکەی بەرز دەبێتەوە، پولێک نامێنێتەوە تا کاڵای نوێی پێ بکڕیت.»

لە هەمان شاردا، چەند کیلومەترێک ئەو لاتر، بورجە شووشەییەکان، شەقامە پان و بەرینەکان، ئۆتۆمبێلە ملیاردیی و ئەو ناوەندانەی کڕین کە ناوەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەدرەوشێتەوە، دیمەنێکی تەواو جیاواز لە تاران نیشان دەدەن. لە نیاوەران، وەلەنجەک، فریشتە، فەرمانییە و زەعفەرانییە، ژیان نە بە خەمی نان، بەڵکوو بە هەڵبژاردن لە نێوان براندە لووکسەکان، پۆلەکانی وەرزشی تایبەت، و ئاپارتمانانی بە نرخی خەیاڵی پێناسە دەکرێت. لێرە تارانێکی دیکەیە، تارانێکی کە زۆربەی خەڵکی وڵات تەنانەت ناتوانن وێنەی ژیان لەوێدا لە مێشکی خۆیاندا بکێشن.

ئەم دوو دیمەنە، دوو تاران، دوو جیهان، لە تەنیشت یەکتردا دەنوێنن بەڵام مەوداکەیان نەک چەند کیلومەتر، بەڵکوو کەلێنێکی چینایەتیی قووڵە کە ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئیلنا ئاژانسی هەواڵی کاری کۆماری ئیسلامی، «لە باشووری تاران، هەڵاوسانی هەوسارپچڕاو مانایەکی زۆر بەرجەستەتری لە دیاگرامە ئابوورییەکان هەیە. ئاماری فەرمی دەڵێت هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ گەیشتووەتە ٨٩٪ و نرخی خۆراک زیاتر لە دوو بەرامبەر بووە. بەڵام ئەوەی لە شەقامدا دەبینرێت، لەمەش دڵتەزێنترە: ئەو سفرە و خوانانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکتر دەبنەوە و یەکەم شتێک کە لێیان سڕدراوەتەوە، پرۆتینە. قەسابێک باس لەوە دەکات کە ئەمڕۆ و بەیانی دوکانەکەی دادەخات. کەسبوکارە بچووکەکان، کە ڕۆژگارێک کۆڵەکەی بژێویی گەڕەکەکان بوون، یەک بە دوای یەکدا لەپێ دەکەون. جگەرچییەکان و سوپەرمارکێتەکان باس لەو ڕۆژانە دەکەن کە دوکانەکەیان پڕ بوو لە مشتەری و دەنگی گفتوگۆ و هاتووچۆی تێدا بەردەوام بوو، بەڵام ئەمڕۆ ناچار بوون لەسەر شووشەی دوکانەکەیان بنووسن «قەرز ناکەین». نەک لەبەر دڵڕەقی، بەڵکوو لەبەر بێتوانایی. دەستمایەکەیان تواوەتەوە و نرخەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرز دەبنەوە.»

لەم نێوانەدا، نانەواخانەکان بوونەتە دوایین سەنگەری خەڵک. شاتری گەڕەک، کە هەموو ڕۆژێک بینەری بچووکتربوونەوەی سفرەکانە، لە قازانجی خۆی خۆش بووە و نان بە قەرز دەدات، تەنانەت ئەگەر زۆر کەس پولەکەی بۆ نەگەڕێننەوە. ئەو دەڵێت: «نانە ئیتر، خەڵک پێویستیان پێیەتی. لەم بارودۆخەدا دەبێت ئاگامان لە یەکتری بێت.»

بەڵام هەر ئەم قەرزدانە، کە ڕۆژگارێک هێمای متمانەی گەڕەک بوو، ئەمڕۆ بووەتە هۆکاری قەیران. ژن و مێردێکی بەساڵاچووی خانەنشین کە لە ڕیزی نان‌دا وەستاون، دەڵێن مووچەکەیان تا ڕۆژی چوارەمەی مانگ بڕ ناکات و هیچ کەسێکی دیکە قەرزیان پێ نادات، چون متمانە نەماوە.

لە شووش و دەربازەغار، دیمەنی هەژاری ئاشکراترە.



گەراجەکان و ئەو کارگانەی کە منداڵانی حەوت تا دوانزدە ساڵان تێیاندا کار دەکەن، خانووە قوڕینەکان، کۆڵانە تاریک و چاڵوچۆڵەکان، و پیرەپیاوێکی کە لە زبڵدانەکاندا بە دوای پاشماوەی خۆراکدا دەگەڕێت، بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی ئەم گەڕەکە. هەر لەو مەودایەدا، «کۆمەڵەی بازرگانیی شووش سیتی سەنتەر» بە دیمەنێکی شیک و پۆستەرەکانی کڕینی قیستەوە سەر لە ئاسمان دەسوێ، ناوەندێکی کە بۆ دانیشتووانی گەڕەکەکە زیاتر لە گەمەیەکی تاڵ دەچێت تا دەرفەتێکی ڕاستەقینە.

لە فرۆشگای گەڕەکی دەربازەغار، شووشەی مورەباکان بە نرخی مانگەکانی پێشووترەوە تۆزیان لێ نیشتووە و فروشتی شیرەمەنییەکان نزیک بووەتە لە سفر. پارەی کارەبای دوکانەکە لە ٤٠٠ هەزار تمەنەوە بەرزبۆتەوە بۆ ملیۆنێک و ٨٠٠ هەزار تمەن و دوکاندار ماوەتەوە کە چۆن ئەم تێچووانە دابین بکات لە کاتێکدا فرۆشەکەی گەیشتووەتە یەک لەسەر چواری ڕابردوو.

لە خاڵی بەرامبەردا، باکووری تاران هەڵکەوتووە، شوێنێکی کە ژیان نەک بە خەمی نان، بەڵکوو بە هەڵبژاردن لە نێوان براندە لووکسەکان پێناسە دەکرێت. ئەم گەڕەکانە، لە نیاوەران و وەلەنجەکەوە تا فەرمانییە و زەعفەرانییە، نەک هەر گرانترین ناوچەکانی تاران، بەڵکوو هێمای شێوازی ژیانێکی لاکچری لە ئێراندان.

لە ڕابردوودا، دەوڵەمەندنشینیی تاران مانایەکی دیکەی هەبوو: باخە گەورەکان، کۆشکی لە خشت دروستکراو، گالیسکەکان، پیاوانی شیکپۆش بە کلاوی فەرەنگییەوە، میوانداریيە شکۆدارەکان و ئەو منداڵانەی کە ئامێری پیانۆ و زمانی فەرەنسییان دەخوێند. بەڵام ئەمڕۆ ئەم شێوازەی ژیان جێگەی خۆی داوە بە بورجە لووکسەکان، ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکان و گەنجانێکی کە جیهانێکی تەواو جیاوازیان لەگەڵ باقی خەڵکی ئێران هەیە.

تارانی ئەمڕۆ، پتر لە هەر کاتێکی دیکە، شارێکی دوو کەرت. لە باشوور، خەڵک بۆ کڕینی نان و مریشک داوای قەرز دەکەن، لە باکوور، خەڵک بۆ کڕینی براندە لووکسەکان ڕیز دەبەستن. لە باشوور، منداڵان لە کارگەکاندا کار دەکەن، لە باکوور، منداڵان لە پۆلەکانی زمان و موزیکدان. لە باشوور، دوکاندار دەڵێت «داهاتەکەم تێری ژیانم ناکات»، لە باکوور، نرخی خانووەکان سنوورەکانی خەیاڵی تێپەڕاندوو. ئەم کەلێنە، تەنیا کەلێنی داهات نییە، کەلێنی ئەزموونی ژیانە. کەلێنێکی کە تێیدا دوو جیهان لە تەنیشت یەکتردا ژیان دەکەن، بەڵام هەرگیز بە یەک ناگەن.

تاران، ئاوێنەی باڵانوێنی ئێرانی ئەمڕۆیە، هاوشێوەی ئەم دیمەنە لە سنەوە تا تەورێز، لە ئیسفەهانەوە تا شیراز، لە مەشهەدەوە تا ڕەشت لە هەموو شوێنێکی ئێران بەرچاو دەکەوێت. وڵاتێکی کە تێیدا مەودای چینایەتی نە تەنیا ئابووری، بەڵکوو بووەتە کەلتووری و کۆمەڵایەتی. باشووری تاران، چیرۆکی دارمانی ژیان و باکووری تاران، چیرۆکی نمایشی سەرمایەیە.

******

## سێدارە، هەڵاواردنی جێکەوتوو و ناعەدالەتی موتڵەق لە سیستەمی دادوەریی ئێراندا

لە مانگی ئاگۆستی ٢٠٢٦دا، ئێران یەکێک لە قورسترین شەپۆلەکانی لەسێدارەدانی لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئەزموون کرد. بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤ، لەم مانگەدا لانیکەم ٨٢ کەس لەسێدارە دراون، لە کاتێکدا تەنیا بەشێکی کەمی ئەم سزایانە لەلایەن سەرچاوە فەرمییەکانەوە ڕاگەیەندراون. ئەم جیاوازییەی نێوان واقیعییەتی لەسێدارەدانەکان و بڵاوبوونەوەی زانیارییە فەرمییەکان، ئەوە دەردەخات کە سزای مەرگ لە کۆماری ئیسلامیدا میکانیزمێکی بەربڵاو، شاراوە و ڕێکخراوە لە پێکهاتەی حوکمرانی و دەزگای دادوەریدا. لە هەشت مانگی یەکەمی ساڵیشدا ژمارەی لەسێدارەدانەکان گەیشتە ٥٣٢ کەس، ئامارێکی کە لە نێویاندا ژنان، خۆپێشاندەران، زیندانیانی سیاسی، کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و پەنابەرانی ئەفغانستانی دەبینرێن.

ئەم بەربڵاوییە، وێنەیەکی ڕوون لە سیستەمێکی کەیفەریی دەخاتە ڕوو کە سزای مەرگی خستووەتە چەقی سیاسەتی تاوانکاریی خۆیەوە. لە ئاوا سیستەمێکدا، لەسێدارەدان تەنیا وەک وەڵامێک بۆ تاوان سەیر نادەکرێت، بەڵکوو بووەتە ئامرازێک بۆ دروستکردنی ترس، بێدەنگکردنی نارەزایەتی، کۆنترۆڵکردنی گرووپە پەراوێزخراوەکان و جێگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی. نەبوونی شەفافیەت، دەستڕاگەیشتنی سنووردار بە پارێزەری سەربەخۆ، دانپێدانانی زۆرەملێ، دادگاییکردنی نادادپەروەرانە و لەبەرچاو نەگرتنی پێوەرەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، توانای هەڵسەنگاندنی سەربەخۆی دۆسیەکان لە ناو دەبات و زەمینە بۆ دەرکردنی سزای نادادپەروەرانە خۆش دەکات.

لە نێو لەسێدارەدانەکانی ئەم قۆناغەدا، دۆخی ژنان پێگەیەکی تایبەتی هەیە. تەنیا لە مانگی ئاگۆستدا شەش ژن لەسێدارە دران، ژمارەیەکی کە بەرزترین ئاماری مانگانەی لەسێدارەدانی ژنانە لە ساڵی ٢٠٢٦دا. زۆربەی ئەم ژنانە بەر لەوەی بنچنە پای سێدارە، خۆیان قوربانیی توندوتیژیی خێزانی، هاوسەرگیریی زۆرەملێ، هەژاری، هەڵاواردنی یاسایی، وابەستەیی ئابووری و نەبوونی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بوون. ئەوان زۆر کات دەکەونە دۆخێکەوە کە توانای خۆدەربازکردن لە ژیانی توندوتیژانە، چوون بۆلای پۆلیس، وەرگرتنی پاڵپشتی یاسایی یان پەنابردنە بەر شوێنێکی ئەمنیان نییە. دواتر هەمان ئەو پێکهاتەیەی کە خۆی لە پاڵپشتیکردنیان بواردووە، ڕەفتاری بەرگریکارانە یان پەرچکرداریی ئەوان بە «تاوانێکی سەربەخۆ» دەدادەنێت.

هەروەک چۆن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ جەختیان لەسەر کردووەتەوە، ژنان لە ئێران تەنیا قوربانیی سزای لەسێدارەدان نین، بەڵکوو قوربانیی پێکهاتەیەکیشن کە لە سەرەتاوە ئەوان لە دۆخێکی لاوازدا دادەنێت. یاسا نایەکسانەکان لە بوارەکانی هاوسەرگیری، تەڵاق، بەخێوکردنی منداڵ، شایەدیدان و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ئابوورییەکان، ڕەنج و بێبەشبوونی ژنانی ئەم کۆمەڵگەیەی گەیاندووەتە لێواری کارەسات. لە زۆربەی دۆسیەکاندا، پێشینەی توندوتیژیی درێژماوە یان ئیجباری بنەماڵەیی وەک زەمینەی دیاریکەری تاوانەکە تاوتوێ ناکرێت. ئەنجامەکەشی بریتییە لەوەی کە قوربانیی توندوتیژی، لە پرۆسەی دادوەریدا دەبێتە تۆمەتباری سەرەکی و بەرپرسیارەتیی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی بەرهەمهێنەری توندوتیژی لەبەرچاو ناگیرێت.

لە نێو هەموو ئەم دۆسیانەدا، چیرۆکی مەرزیە نەییری زیاتر لە هەر نموونەیەکی تر ناعەدالەتی جێگیر لە دەزگای دادوەریی ئێراندا ئاشکرا دەکات. مەزیە لە ١٧ ساڵیدا ناچار بە هاوسەرگیری کرا، هاوسەرگیرییەکەی کە نەک لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازادانە، بەڵکوو لەژێر گوشاری بنەماڵە و لە دۆخی نەبوونی پاڵپشتی کۆمەڵایەتیدا شکڵی گرت. ئەو لە تەمەنێکدا چووە ناو ژیانی هاوبەشەوە کە هێشتا لە ڕووی تەمەن و کۆمەڵایەتییەوە لە دۆخێکی لاوازدا بوو. ژیانی ئەو بە خێرایی پڕ بوو لە توندوتیژی، هەڕەشە و ئەزییەت و ئازار.

⬅

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە دۆسیەکەی بڵاوبۆتەوە، هاوسەرەکەی هاوبەشە بازرگانییەکانی خۆی بۆ بەکارهێنانی خواردنەوە کحولییەکان دەهێنایەماڵەوە و ئەوان زۆر جار مەرزیەیان ڕووبەڕووی ئازاری سێکسی دەکردەوە.
دۆخێکی وەها بۆ کچێکی کە هێشتا قۆناغی منداڵیی تێپەڕ نەکردووە، بە مانای ژیان بەسەر بردن لە ژینگەیەکی بەردەوام نائەمن و بێپەنادا بوو. ئەو نە لە پشتیوانییەکی ئەوتۆی بنەماڵەکەی بەهرەمەند بوو، نە میکانیزمێکی ئەمنی لە بەردەستدا بوو بۆ خۆدەربازکردن لە توندوتیژی، و نە دەیتوانی بە دڵنیاییەوە سەردانی دامەزراوەکانی پۆلیس و دادوەریی بکات. ئەم خاڵە لە شیکردنەوەی دۆسیەکەدا گرنگییەکی بنەڕەتیی هەیە: ڕەفتاری کۆتایی مەرزیە ناکرێت بە جیا لە ساڵانێک توندوتیژی، زۆرلێکردن، ترس و گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی تاوتوێ بکرێت.
لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا، یەکێک لەو پیاوانە لە بەرچاوی هاوسەرەکەی هەوڵیدا دەستدرێژی بکاتە مەرزیە. مەرزیە بۆ بەرگریکردن لە گیان و کەرامەتی خۆی چەقۆیەکی چێشتخانەی هەڵگرت. لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا، هێرشبەرەکە بریندار بوو و هاوسەرەکەشی کوژرا. مەرزیە دوای چوار ڕۆژ خۆی ڕادەست کرد و لە دادگا سوێندی خوارد کە تەنیا بەمەبەستی بەرگریکردن لە خۆی دەستیداوەتە ئەو کارە. بەڵام لە پرۆسەی دادوەریدا گوێی لێ نەگیرا. دادگا ئیدیعای بەرگریی ڕەوای پەسەند نەکرد و سزای کوشتنی ئەنقەستی بەسەردا سەپاند، سزایەکی کە لە چوارچێوەی سزای قیساسدا، سەرەنجام بە مەرگی ناوبراو کۆتایی هات.
دۆسیەی مەرزیە نەییری نیشانی دەدات کە چۆن چەمکی بەرگریی ڕەوا، کاتێک سەبارەت بە ژنانی قوربانیی توندوتیژیی خێزانی دێتە ئاراوە، دەکرێت بە شێوەیەکی جیاواز لێکدانەوەی بۆ بکرێت. لە دۆسیەکانی وەک دۆسیەی مەرزیەدا، ژن ناچارە لە چرکە ساتێکدا، بەرامبەر بە مەترسییەکی کتوپڕ بڕیار بدات، دواتر هەمان بڕیار بە پێوەرگەلێکی ستەمکارانە و بە جیا لە زەمینەی ژیانی ئەو هەڵدەسەنگێنرێت. مەرزیە پێنج ساڵ لە زینداندا مایەوە، پێنج ساڵ چاوەڕوانی سزایەکی کە هەرلە سەرەتاوە لەسەر بنەمای لەبەرچاو نەگرتنی ڕاستییەکانی ژیانی ئەو دەرچوو بوو. سەرەنجام ڕۆژی ٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٦، کاتێک تەنیا ٢٤ ساڵ تەمەنی بوو، لە زیندانی ناوەندیی قەزوین لەسێدارە درا. ئەو قوربانیی سیستەمێک بوو کە لە منداڵییەوە تا کاتی مەرگ، خۆی لە پاڵپشتیکردنی کاریگەری ئەو بواردبوو. ژیانی مەرزیە لە هاوسەرگیریی زۆرەملێوە دەستی پێکرد، لە توندوتیژی و ئازاردا بەردەوام بوو و سەرەنجام بە سزایەکی دادوەریی ستەمکارانە کۆتایی هات کە دۆخی قوربانیبوونی ئەوی بە ڕەسمی نەناسی.
لەسێدارەدانە بەربڵاوەکانی ساڵی ٢٠٢٦، لە خۆپێشاندەرانەوە بگرە تا ژنان و کەمینەکان، وەک نموونە هاوشێوەکانی ساڵانی ڕابردوو نیشانی دەدەن کە سزای مەرگ لە ئێران تەنیا ئامرازێکی سزادان نییە، بەڵکوو بەشێکە لە سیاسەتی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی. لەم نێوەندەدا، دۆسیەکانی وەک دۆسیەی مەرزیە نەییری ئەوە ڕاستییە وەبیر دەهێنێتەوە کە بێ عەداڵەتی بۆ ژنان لە کاتی دەرکردنی سزاوە دەست پێناکات، بەڵکوو لە بنەماڵە، قوتابخانە، یاسا، بازاری کار، ناوەندەکانی پۆلیس و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە تێدەپەڕێت و لە دادگادا دەگاتە لووتکە.
چارەنووسی ئازاربەخشی مەرزیە لە منداڵییەوە تا سەردەمی گەنجی نیشانی دەدات کە ژنانی ئێران چۆن لە گێژاوی هەڵاواردن و بێ عەداڵەتی دامەزراوەییدا گیر دەخۆن: سەرەتا لە مافی هەڵبژاردن و ئەمنییەت بێبەش دەکرێن، دواتر لە بەرامبەر توندوتیژیدا بێپەنا دەمێننەوە و سەرەنجام، کاتێک بۆ بەرگریکردن لە خۆیان پەرچکردار نیشان دەدەن، وەک تاوانبار سزادەدرێن. ئەم ڕاستییە تەنیا دۆسیەیەک ناگرێتەوە، بەڵکوو تۆمەتێکی جددییە لەدژی تەواوەتی سیستەمی دادوەریی کۆماری ئیسلامی، سیستەمێکی کە تێیدا مافی ژیان، دادگاییکردنی دادپەروەرانە و پاڵپشتی یەکسان لە هاووڵاتییان، بەتایبەتی ژنان و گرووپە پەراوێزخراوەکان، بە ئانقەست و بە شێوەیەکی دامەزراوەیی پێشێل دەکرێت.

******

## قەیرانی دەرمان لە ئێران

نرخی دەرمانە پڕمەسرەفەکان لە ئێران جارێکی تر بەرزبووەتەوە و دەرمانخانەکان بەدەست فشاری قەرزی کەڵەکەبووەوە دەناڵێنن، لە هەمان کاتدا نەخۆشەکان لە نێوان دابینکردنی تێچووی درمان و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ژیاندا گرفتار بوون. ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی «قەیرانی دەرمان» دەناسرێت، ئیتر تەنیا دەستنەکەوتنی چەند جۆرە دەرمانێکی تایبەت نییە، بەڵکوو زنجیرەیەک قەیرانی لێک هەڵپێکراو لەخۆدەگرێت: لە دەستنەکەوتن و گرانیی سەرسوڕهێنەری دەرمانە تایبەتەکان و دواکەوتنی دابینکردنی ڤاکسێنی ئەنفلۆئەنزا، تا بەرزبوونەوەی نرخی ڤاکسێنی ڕێگری لە هەندێک جۆری شێرپەنجە و دابەزینی توانای داراییی دەرمانخانەکان بۆ ئامادەکردنی ڕەچەتەی نەخۆشەکان.
بەپێی ڕاگەیەندراوی بەرپرسانی ڕێکخراوی دەرمان و خۆراک، لە سەرەتای ئەمساڵەوە نرخی زۆرێک لە دەرمانەکان لە دوو قۆناغدا زیادی کردووە و زیاتر لە هەزار جۆر دەرمان هەمووارکردنەوەی نرخیان بۆ کراوە. بەرپرسانی فەرمی، تێکچوونی ڕێگاکانی گواستنەوەی دراو، دواکەوتنی چاکسازی لە نرخەکان و کەمبوونی نەختینەی کۆمپانیاکانی دەرمان بە هۆکاری سەرەکیی ئەم قەیرانە دەزانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆکی گشتیی بانکی ناوەندی ڕایگەیاندووە کە لە سەرەتای ساڵەوە زیاتر لە هەژدە ملیارد دۆلار بۆ هاوردەکردنی کەلوپەلی بنەڕەتی و دەرمان دابین کراوە، ئامارێکی کە نیشانی دەدات قەیرانەکە ناکرێت تەنیا لە «نەبوونی دراو»دا کورت بکرێتەوە. ئەوەی لە واقیعدا دروست بووە، بریتییە لە قەیرانێکی فرەڕەهەند: زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنان، تێکچوونی ڕێگاکانی دەستڕاگەیشتن بە دراو، قەرزی زۆری بیمەکان، گرانبوونی نرخی دراو و لە هەروەها دابەزینی توانای کڕینی نەخۆش.
پزیشکێک کە لە بواری مافی نەخۆشەکاندا چالاکی دەکات، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆی وڵات، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم قەیرانە چی بەسەر نەخۆشە ڕاستەقینەکاندا دەهێنێت. ئەو وێڕای ئاماژە بە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، بەساڵاچووانی سەروو شەست و پێنج ساڵ، نەخۆشەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن و هەناسەدان، تووشبووانی شەکرە و نەخۆشییەکانی گورچیلە و منداڵان لە زومرەی گرووپە پڕمەترسییەکان لە بەرامبەر ئەنفلۆئەنزادا دەزانێت و هۆشداری دەدات کە: «لێنەدانی ڤاکسێن نەخۆشی زیاد دەکات و لە ئەگەری تووشبووندا، نەخۆشییە بنەڕەتییەکان دەتوانن مەترسیی نەخۆشیی سەخت و تەنانەت گیانیش زیاد پەرە پێبدات»، بەڵام ڕەنگە تاڵترین بەشی ئەم قەیرانە پەیوەندیی بە بواری تەندروستیی دەروونییەوە هەبێت. زیادبوونی نرخی دەرمانەکانی دژی خەمۆکی، نەخۆشانی دەروونیی لەگەڵ ئاستەنگی جدیی ڕووبەڕوو کردووەتەوە. ئەم پزیشکە جەخت دەکاتەوە کە ئەم دەرمانانە «ئێجگار پێویستن» و نەبوونی ئیمکانی دەستڕاگەیشتن پێیان دەتوانێت نیشانەکانی نەخۆشییەکە توندتر بکات. بە وتەی ئەو، ئەو نەخۆشانەی کە ئەم دەرمانانە بۆ سترێس و دڵەڕاوکێ بەکاردێنن، نەبوون یان کەمبوونی دەرمانەکان دەتوانێت دڵەڕاوکێ و خەمۆکییەکە پەرە پێ بدات. ئەو هۆشدارییەکەی زۆر ڕاشکاوانەیە: «لە هەندێک حاڵەتدا دەستنەکەوتنی دەرمان ڕەنگە ببێتەهۆی زیادبوونی وەهم و ئەمەش دەتوانێت نەخۆشەکە لەگەڵ مەترسیی گیانیی بەرەوڕوو بکاتەوە و لە هەندێک حاڵەتدا تەنانەت لەوانەیە ببێتە مەترسی بۆسەر کەسانی تریش.» هەروەها دەڵێت توندبوونی خەمۆکی و دڵەڕاوکێی سەرچاوەگرتوو لە نەبوونی دەرمان دەتوانێت زیادبوونی گۆشەگیری و ئارەزووی خۆکوشتن بەدوای خۆیدا بهێنێت، هۆشدارییەکی کە ڕەهەندە مرۆییەکانی ئەم قەیرانە ئابوورییە بەڕوونی نیشان دەدات.
گرانبوونی دەرمان زۆرێک لە بنەماڵەکانی خستووەتە بەردەم بژاردەیەکی سەخت: دەرمان یاخود بژێوی ژیان. بە وتەی ئەم چالاکوانەی بواری تەندروستی، «زیادبوونی نرخی دەرمان بووەتە هۆی ئەوەی هەندێک خێزان، بەتایبەت نەخۆشەکان، ناچارن بەمەبەستی دابینکردنی تێچووە پێویستەکانی ژیان، واز لە دەرمانەکانی خۆیان بهێنن.» ئەو هەروەها هۆشداری دەدات کە ئەنجامی ئەم بڕیارە تەنیا تێکچوونی بارودۆخی جەستەیی نەخۆشەکە نییە، بەڵکوو دەتوانێت توانای کەسەکە بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانی لەئاست بنەماڵەش تێکبدات، بۆ نموونە، ئەگەر نەخۆشەکە دایکی خێزانەکە بێت، ڕەنگە چیتر نەتوانێت ئاگاداری منداڵەکانی بێت.
ئەوەی کە لەم ڕاپۆرتە مەیدانیانەدا دەرەکەوێت، بریتییە لە کەلێنی نێوان دابینکردن و دەستڕاگەیشتن. دەرمان ڕەنگە بەرهەم هێنرابێت یان هاوردە کرابێت، بەڵام نەخۆش توانای کڕینی نەبێت، ڕەنگە لە وڵاتدا هەبێت، بەڵام دەرمانخانە بەهۆی کەمبوونی نەختینەوە نەتوانێت بەدەستی بهێنێت، و ڕەنگە لە شوێنێک هەبێت، بەڵام دەستڕاگەیشتن پێی بۆ نەخۆشەکە دژوار و پڕتێچوو بێت.

دۆخەکە پاش ئەم شەڕەی دوایی گەلێک خراپتر بووە. کۆماری ئیسلامی ساڵانێک ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە نزیکەی سەدا نۆدەی دەرمانە پێویستەکانی وڵات لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنێت، بەڵام هەر ئەم خاڵە، دوای هێرشەکان بۆ سەر ناوچە پیشەیی و کارگەکانی بەرهەمهێنانی دەرمان، زۆرترین زیانی بەرکەوت. لەوانە کۆمپانیای لێکۆڵینەوە و ئەندازیاریی «ڤۆفیق دارو»، کە یەکێک بوو لە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی دەرمانی دژی شێرپەنجە و دەرمانە سەرەکییەکانی سڕکردن، کرایە ئامانج و لە کار کەوت، ڕووداوێکی کە نەخۆشانی شێرپەنجە و ئەو کەسانەی ژیانیان بەو دەرمانە تایبەتانەوە بەستراوەتەوە، کەمبوون یا نەبوونی دەرمان مەترسیی جیدیە بۆسەر گیانیان. لە نێوان نەخۆشەکاندا، تووشبووانی نەخۆشییە درێژخایەنە و دەگمەنەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە: نەخۆشانی هیمۆفیلی لەگەڵ کەمبوونی فاکتەرەکانی مەیین، نەخۆشانی دیالیز لەگەڵ ڕیزە دوور و درێژەکانی چاوەڕوانی بەهۆی کەمبوونی ئامێر و هێزی دەرمانی، و هەروەها نەخۆشانی تالاسمی لەگەڵ کەمبوونی مەترسیداری خوێن و دیابەتییەکان لەگەڵ کەمبوونی ئەنسۆلین بەرەوڕوون.
قەیرانی بیمەکان و دەرمانخانەکان ئەڵقەیەکی تری هەر ئەم زنجیرەیە. قەرزە داراییەکانی دەرمانخانەکان لەلایەن ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لە پاییز ساڵی ڕابردووەوە نەدراوە و تەنانەت ئەگەریش درابێت، بەهۆی چەند هێندە بوونی نرخی دەرمان، دەرمانخانەکان چیتر توانای کڕینی ڕابردوویان نییە. بەشێک لە کەمبوونەکانیش ناواقیعی و «دروسکراون»: دەرمانی وەک ئەنسۆلینی قەڵەمی هەندێک جار لە کۆگای کۆمپانیاکانی دابەشکردندا هەیە، بەڵام دەرمانخانەکان بەهۆی کەمبوونی نەختینەوە توانای کڕینیان نییە. ئەم دۆخە بۆ مووچەخۆران کەرەساتبارترە، چونکە بیمەکان تێچووەکان لەسەر بنەمای مەرجەکانی ساڵی ڕابردوو ئەژمار دەکەن، لە کاتێکدا دەرمان بەپێی نرخە نوێیەکان دەفرۆشرێت، ئەنجامەکەی ئەوەیە کە کرێکار، خانەنشین، موعەلیم و پەرستار دەبێت جیاوازیی نرخەکە لە گیرفانی خۆیان بپەرژێنن.
بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی بەپەلەی ئەم کێشانە، پێویستە ئەو کەشوهەوای شەڕە لەسەر وڵات هەرچی زووتر کۆتایی پێبێت. تێچووە سەربازی و ئەمنییەکان تەرخان بکرێن بۆ بیناکردنەوەی سیستەمی دەرمان و کەموکوڕییە سەرەکییەکانی تری وڵات. قەرزی بیمەکان بەپەلە بدرێتەوە بە دەرمانخانەکان. دەرمانە زۆر پێویست و تایبەتەکانی نەخۆشانی درێژخایەن، منداڵان، ژنانی دووگیان و بەساڵاچووان، بە خۆڕایی یان بە تێچوویەکی کەم دابین بکرێت. نەبوونی شەفافیەت لە زنجیرەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی دەرمان و گەندەڵی و عەمبارکردن، گیانی نەخۆشەکان لەمە زیاتر نەخاتە مەترسییەوە.
واقیعییەت ئەوەیە کە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە دەبوو تەرخان بکرێن بۆ نەخۆشخانە، دەرمان، پەروەردەی خۆڕایی، دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ڤاکسێن، بیمە و تەندروستیی گشتی، لە پێناو پرۆژە زەبەلاحە ئەتۆمی و سەربازییەکاندا بەکار هێنراوە. خەڵکی ئێران نە پێویستیان بە شەڕ هەیە و نە بەو پرۆژانەی کە ژیانیانی کردووەتە بارمتەی کێبڕکێ پاوانخوازییەکان. ئەولەوییەتی کۆمەڵگە بریتییە لە: نان، دەرمان، پەروەردە، شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمنییەت و ئازادیی.

******



پێشڕەو

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٦ - خەرمانانی ٤٧٧ -September ٢٠٢٦

# فوئاد مستەفا سۆڵتانی، ژیان لە خزمەت ڕێکخستنی ڕزگاریدا

لە ساڵیادی گیانبەختکردنی هاوڕێ فوئاد موستەفا سوڵتانیدا، قسەکردن لەسەر ئەو لە ڕاستیدا خوێندنەوەی سەرلەنوێی ئەزموونی نەوەیەکە کە لە یەکێک لە دژوارترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، ئازادی و ڕزگاریی مرۆڤیان لە ڕێکخستن و خەباتی وشیارانەی جەماوەریدا بەدیکرد. فوئاد لە ژیانی کورتی خۆیدا توانی هزر و کردار، ئامانج و ڕێکخراو و خەباتی تاکەکەسی و بزووتنەوەی جەماوەری بە یەکترەوە گرێبدات. لەمڕووەوە، ناوی ئەو سنووری چوارچێوەی ڕێکخراوێک یان قۆناغێکی مێژوویی تێپەڕکردووە و گرێدراوە بە بەشێکی گرنگ لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و کۆمۆنیستیی کوردستان و ئێرانەوە.

فوئاد موستەفا سوڵتانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی (١٩٤٨ی زایینی) لە گوندی ئاڵمانەی سەر بە شاری مریوان لەدایکبوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە ئاڵمانە و سنە تەواو کرد و لە ساڵی ١٣٤٥دا چووە زانکۆی پیشەسازیی تاران (شەریف). لەو زانکۆیە لە بەشی ئەندازیاریی کارەبا خوێندی و بڕوانامەی ئەندازیاریی بەدەستهێنا بەڵام ئاراستەی ژیانی بە داهاتوویەکی پیشەیی و کەسییەوە بەرتەسک نەمایەوە. کەشوهەوای سیاسیی دەیەی ١٣٤٠، پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی و ئاشنابوونی لەگەڵ ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و مارکسیستی، ڕێرەوی ئەوی بەرەو چالاکیی سیاسی گۆڕی.

فوئاد لە ڕەوتی ئەم چالاکییانەدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە نارەزایەتیی پەرتەوازە و تاکەکەسی، بەبێ وشیاری و ڕێکخستن و بەبێ پەیوەندی بە خەباتی جەماوەرییەوە، ناتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا. بەم هۆیەوە، ساڵی ١٣٤٨ لەگەڵ دەستەیەک لە هاوبیرانی، ڕێکخراوێکیان دامەزراند کە دواتر ناوی «کۆمەڵە»ی لێنرا. ئەم هەنگاوە لە هەلومەرجێکدا نرا کە دەزگای سەرکوتگەری شا وەڵامی هەرجۆرە چالاکییەکی ڕێکخراوی سیاسیی بە زیندان، ئەشکەنجە و سێدارە دەدایەوە. دروستکردنی ڕێکخراوێکی نهێنی لە کەشێکی وەهادا، پێویستی بە فیداکاری، دیسپلین، بڕوا و متمانە بەیەکتر و هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخەکە هەبوو.

فوئاد ساڵی ١٣٥٣ لە شاری سنە لەلایەن ساواکەوە دەستبەسەر کرا و دوای گوواستنەوەی بۆ تاران، لە زیندانی کۆمیتەی هاوبەشی ساواک و شارەوانیدا کەوتە ژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە. بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەلومەرجێکی سەخت و نامرۆڤانەدا بەسەری برد، بەڵام زانیارییە ڕێکخراوەییەکان و نهێنیی هاوڕێیانی پاراست. خۆڕاگریی ئەو لە زیندان تەنیا ڕەفتارێکی بوێرانەی تاکەکەسی نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لەو بەرپرسیارێتییەی کە خۆی بەرامبەر بە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو لەئەستۆی گرتبوو. فوئاد دەیزانی کە ئەشکەنجەگەر تەنیا لەگەڵ کەسێک بەرەوروو نییە، بەڵکوو هەوڵ دەدات تۆڕێک لە متمانە و خەبات تێکبشکێنێت.

دوای سێ ساڵ، لە زیندانی قەسری تارانەوە گوازرایەوە بۆ زیندانی سنە و ساڵی کۆتایی دەستبەسەرییەکەی لەوێ بەسەر برد. زیندان بۆ فوئاد کۆتایی چالاکیی سیاسی نەبوو، بەڵکوو گۆڕەپانێکی دیکەی خەباتی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو لە زیندانیشدا، هاوشێوەی دەرەوە، بیری لە ڕێکخستن و بەهێزکردنی وورەی خۆڕاگریی دەکردەوە. مانگرتن لە خواردنی درێژخایەنی زیندانیانی سیاسیی زیندانی سنە، بە ڕێکخستن و ڕێبەریی ئەو، سەرەنجام بووە هۆی ئازادبوونی خۆی و ژمارەیەک لە زیندانیان. ئەم ئەزموونە نیشانی دا کە فوئاد تەنیا لە چالاکیی نهێنی و ڕێکخراوەییدا توانای ڕێبەریی نەبوو، بەڵکوو دەیتوانی لە خەباتە ئاشکرا و کۆمەڵایەتییەکانیشدا متمانەی خەڵک بەدەست بهێنێت و لە دەوری داخوازییەکی هاوبەش یەکیان بخات.

فوئاد مانگی ڕەزبەری ١٣٥٧ لە زیندان ئازاد بوو، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی ئێران لەبەردەم ڕاپەڕینێکی گەورەدا بوو. ئەو تەنیا یازدە مانگ دەرفەتی دەستکەوت تا لە کەشوهەوایەکی ئاشکرادا چالاکی بکات، بەڵام ئەم سەردەمە کورتە، یەکێک لە چڕترین و کاریگەرترین قۆناغەکانی مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بوو. کۆمەڵە کە چەند ساڵ پێشتر بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرابوو، هاوشانی هەڵکشانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران هەڵسووڕاوانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند و لە ماوەیەکی کورتدا لە ڕێکخراوێکی نهێنییەوە بوو بە ڕێکخراوێکی جەماوەریی، بەربڵاو و کاریگەر لە کوردستاندا.

تایبەتمەندیی گرنگی فوئاد لەم قۆناغەدا، بریتی بوو لە توانای دەستنیشانکردنی ساتەوەختی مێژوویی و گۆڕینی دەرفەتە سیاسییەکان بۆ هێزێکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی. ئەو بە باشی تێگەیشتبوو کە ڕاپەڕینی خەڵک دژ بە ڕژێمی شا تەنیا بە ڕووخانی حکومەت کۆتایی نایەت. بە هەرەسهێنانی نەزمی پێشوو، دژوازییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان تا دەهات ئاشکراتر دەبوون و هێزە جیاوازەکان هەوڵیان دەدا داهاتووی کۆمەڵگە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابڕێژنەوە. فوئاد لە هەمان سەرەتاوە هیچ وەهمێکی بەرامبەر بە ماهیەتی کۆماری ئیسلامی و هەوڵەکانی بۆ سەندنەوەی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین نەبوو. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ڕێکخستنی خەڵک لە دەوری خەبات دژ بە ڕژێمی شا لە هەمان کاتدا ئامادەکاری بوو بۆ ئەو دۆخەی کە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا چاوەڕوان دەکرا.



لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ١٣٥٧دا، فوئاد و هاوڕێیانی لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا ڕۆڵێکی چالاکیان لە ڕێکخستنی نارەزایەتییەکاندا هەبوو. لە سنە، پێکهاتنی بزووتنەوەی جەماوەری و دروستبوونی شوڕاکانی شار، بووە گۆڕەپانێک بۆ ئەزموونکردنی شێوازی نوێی دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ئەم شوڕایانە، سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و دژوازییەکانیانەوە، نیشانیان دەدا کە خەڵک تەنیا بۆ ڕوخاندنی حکومەتێک نەهاتوونەتە مەیدان، بەڵکوو ئەوان دەیانویست لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆشیاندا ڕۆڵیان هەبێت.

لە شارە جیاوازەکانی کوردستاندا، «جەمعییەتە دیموکراتیکەکان»، یەکێتییەکانی جووتیاران و دامەزراوەکانی دیفاع لە مافی کرێکاران و ژنان پێکهاتن. ئەم دامەزراوانە لە ڕوانگەی فوئادەوە ئامرازێک بوون بۆ حزووری بەردەوامی خەڵک لە سیاسەتدا. ئەو لەبری ئەوەی جەماوەر تەنیا وەک هێزێک بۆ پپشتگیری لە بڕیارە ڕێکخراوەییەکان بزانێت، ئەوانی بە هێزی سەرەکیی گۆڕانکاری دەبینی. ڕاپۆرتدان بە خەڵک، وەرگرتنی ڕای ئەوان، ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی خەبات و بەشدارکردنیان لە بڕیارداندا، بەشێک بوو لە شێوازی سیاسیی فوئاد. یەکێک لە دیارترین نموونەکانی ئەم ڕوانگەیە، کۆچی نارەزایەتیی خەڵکی مریوان بوو. ئەم حەرەکەتە لە وەڵامی گوشار و زۆرداریی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا هاتە ئاراوە و فوئاد لە ڕێکخستن و ڕێبەرییکردنیدا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. کۆچی خەڵکی مریوان تەنیا جێگۆڕکێی نارەزایەتی شارێک نەبوو، بەڵکوو هەنگاوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە نیشانی دا خەڵک دەتوانن لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی چەکدار و ناوەندگەرادا، بە پشتبەستن بە یەکگرتوویی و ئیرادەی خۆیان بوەستنەوە. گرنگیی ئەم حەرەکەتە تەنیا لە دەستپێکەکەیدا نەبوو، بەڵکوو لە شێوازی ئاراستەکردنیشیدا دەرکەوت. فوئاد لە ڕەوتی دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتدا، هاوکات لەگەڵ دیفاعی لێبڕاوانە لە خواستەکانی خەڵک، ڕاپۆرتی چالاکییەکان و ڕەوتی دانوستانەکانی دەخستە بەردەستی ئەوان. ڕای خەڵکی وەردەگرت و ئەوانی لە بڕیارەکان ئاگادار دەکردەوە. بەم شێوەیە، خەبات لە حاڵەتی پەرچەکردارێکی ساتەوەختی دەردەچوو و دەبووە قوتابخانەیەک بۆ ئەزموونی بەشداریی سیاسی، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و دەخالەتکردن لە خوارەوە.

فوئاد هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لێبڕاو بوو، بەڵام تووشی ئیرادەگەرایی نەدەبوو. ئەو تواناو پۆتانسێلی خەڵکی هەڵدەسەنگاند و لە ئەگەری هەستکردن بە ماندوویەتی یان گۆڕانی بارودۆخەکە، ڕێگەکانی بەردەوامیی خەباتی لێکدەدایەوە. کاتێک بەردەوامیی کۆچەکە بە شێوازە سەرەتاییەکەی دژوار بوو، هەوڵی دا دەستکەوتەکانی بپارێزێت و خەڵک بە سەربەرزییەوە بگەڕێنێتەوە بۆ شار و شوێنی ژیانیان. ئەم توانایە بۆ کۆبەندکردنی ئەزموون، پاراستنی هێزەکان و گۆڕینی حەرەکەتێکی نارەزایەتی بۆ دەستکەوتێکی سیاسی، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕێبەریی ئەو بوو.

لە ڕەوتی دانوستانەکانی سنە و مهاباد لەگەڵ شاندەکانی کۆماری ئیسلامیشدا ڕۆڵی فوئاد زۆر بەرچاو بوو. ئەم دانوستانانە، کە لە کەشێکی پڕ لە ئاڵۆزی لە نێوان خەڵکی کوردستان و حکومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوودا بەڕێوە دەچوون، گۆڕەپانێکی دیکە بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوو لۆژیکی سیاسی: لە لایەک لۆژیکی چڕکردنەوەی دەسەڵات و سەرکوت و لە لایەکی دیکەوە خواستی خەڵک بۆ ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی بەشداری لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا. فوئاد لەم دانوستانانەدا نە وەک سیاسییەکی پیشەیی و دابڕاو لە خەڵک، بەڵکوو وەک نوێنەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراو ئامادە بوو.

ئەو و هاوڕێیانی هەروەها بەرامبەر بە گشتپرسیی کۆماری ئیسلامی لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا هەڵوێستیان گرت و بایکۆتیان کرد. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دەنگدانی «کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نەخێر» بەبێ زامنتکردنی ئازادییە سیاسییەکان و بەبێ ڕەخساندنی دەرفەتی بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک، نەیدەتوانی ببێتە بنەمای ڕەوایەتیی ڕژێمێکی کە لە سەرەتای دامەزراندندا بوو. ئەم بایکۆتە لە کوردستان، بوو بە یەکێک لە یەکەمین نموونەکانی خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر هەوڵەکانی حکومەتی نوێ بۆ چەسپاندنی دەسەڵات.

فوئاد بە باشی دەیزانی کە لە بەرامبەر ڕێکخراوی چڕ و چەکداری حکومەتدا، تەنیا چالاکیی حیزبی بەس نییە. بەڵکوو هێزی سەرەکیی خۆڕاگریی دەبێت لە نێو خەڵک و لە ئاستی جەماوەرییدا شکڵ بگرێت. بەم هۆیەوە، هاوشانی پێکهێنانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەستیکرد بە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە. یەکەم فێرگەی ئەم هێزە لە گوندی گۆڕەمەڕ، لە ناوچەی سەردەشت، ڕێکخرا. بۆ فوئاد، بەرگریی چەکدارانە ئامانجێکی دابڕاو لە خەباتی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکوو ئامرازێک بوو بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و پاراستنی خەڵک لە بەرامبەر سەرکوتدا.

لەم پێوەندییەدا، ئەو لەگەڵ دوو ڕەوتدا سنووربەندنی هەبوو: لە لایەک تەسلیم تەڵەبی و چاوەڕوانی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵات، و لە لایەکی دیکەوە، خەباتی چەکدارانەی دابڕاو لە خەڵک. فوئاد بڕوای وابوو کە خەباتی چەکدارانە تەنیا کاتێک دەتوانێت لە خزمەت ڕزگاریدا بێت کە پشت بە خەباتی جەماوەریی ببەستێت و لێی دانەبڕێت. هێزی چەکدار، بەبێ پێگەی کۆمەڵایەتی، دەبێتە گرووپێکی گۆشەگیر، بە هەمان شێوەش خەباتی جەماوەریی بەبێ توانای بەرگریکردن لە خۆی، لە بەرامبەر سەرکوتی ڕێکخراودا لاواز دەبێت.

لە گەلاوێژی ١٣٥٨دا، دوای فەرمانی «جیهاد»ی خومەینی و دەستپێکردنی لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، فوئاد لە پێگەی ڕێبەریی کۆمەڵەدا دەستیکرد بە ڕێکخستنی خۆڕاگریی خەڵک. ئەو لە ڕاگەیەندراوی «خەڵکی کورد لە کوانووی تاقیکردنەوەدا» جەختی لەسەر پێویستیی خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی بە هەموو ئامرازە بەردەستەکان کردەوە. لەو قۆناغەدا، بابەتی سەرەکی تەنیا دانوستان یان نارەزایەتیی مەدەنی نەبوو، حکومەت بڕیاری دابوو بە هێزی سەربازی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین سەرکوت بکات و کوردستان ناچار بە ملکەچبوون بکات.

فوئاد هەر لەو سەردەمەدا، لە کا هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر، ڕێکەوتی ٩ی خەرمانانی ١٣٥٨ لە نەبەردێکدا لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی گیانی بەخت کرد. مەرگی ئەو لە کاتێکدا ڕووی دا کە بزووتنەوەی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستی بە توانای ڕێکخستن، لێهاتوویی سیاسی و هێزی ڕێبەریی ئەو بوو. دوای چەند مانگێک، خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان توانی حکومەت ناچار بە پاشەکشەی کاتی و قبووڵکردنی دانوستان بکات، بەڵام فوئاد لە ژیاندا نەمابوو تا لەو قۆناغە هەستیارەدا ئەزموون و توانای خۆی لە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەکەدا بەکار بهێنێت.

گرنگیی مێژوویی فوئاد ناتوانرێت تەنیا بە ژمارەی چالاکییەکان یان بەرپرسیارێتییەکانی پێوانە بکرێت. ئەو لە ماوەی ئازادبوونی لە زیندانەوە تا گیانبەختکردنی، لە کەمتر لە ساڵێکدا، لە شکڵگرتن و پەرەپێدانی بزووتنەوەی جەماوەری، ڕێکخستنی شوڕاکان و یەکێتییەکان، پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە، خۆڕاگری لە بەرامبەر حکومەت و بەستنەوەی خەباتی سیاسی بە داخوازییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕۆڵی کاریگەری هەبوو.

بەڵام ئەوەی ئەم چالاکییانەی بە یەکترەوە دەبەستەوە، تێگەیشتنی روونی ئەو بوو لە پێگەی مرۆڤ و جەماوەری زەحمەتکێش لە ڕەوتی گۆڕانکاریدا. فوئاد تەنیا شرۆڤەکاری ڕووداوەکان نەبوو، بەڵکوو بۆ گۆڕینیان خەباتی دەکرد. لە ڕوانگەی ئەوەوە، مرۆڤ بوونەوەرێکی ناچالاک و مەحکوم بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو دەتوانێت بە وشیاری و ڕێکخراوبوون، جیهانی دەوروبەری خۆی بگۆڕێت. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە لە ڕوانگەی فوئادەوە ئەمرێکی تاکەکەسی نەبوو. ڕزگاریی تاک، بەبێ ڕزگاریی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، بەردەوام نابێت. لەمڕووەوە، ئەو لەسەر گرنگیی یەکگرتوویی، تەشکیلات و خەباتی ڕێکخراو جەختی دەکردەوە و بڕوای وابوو کە وشیاری شۆڕشگێڕانە دەبێت ببێتە کرداری کۆمەڵایەتی.

ئەو بڕوای بەم ئەسڵەی مارکس هەبوو کە «کرێکاران بە شێوەی تاک دەچەوسێنرێنەوە، بەڵام بە شێوەی کۆمەڵایەتی ڕزگاریان دەبێت». ئەم بڕوایە لە کرداری سیاسیی فوئاددا بە مانای ڕێکخستنی کرێکاران، جووتیاران، ژنان و چین و توێژە ستەملێکراوەکانی دیکە بوو. تیۆری بۆ ئەو کاتێک بەهای هەبوو کە بتوانێت ببێتە ڕێنمای کردار، و کرداریش کاتێک مانای دەبەخشی کە یاریدەدەری بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و توانای ڕێکخستنی جەماوەر بێت. لە فوئاددا، تیۆری و پراتیک نەک دوو بواری جیا، بەڵکوو دوو ڕووی یەک ڕەوتی یەکگرتوو بوون.

فوئاد بە پشتبەستن بە مارکسیزم و بە هەستی چینایەتی خۆی، لەگەڵ ئەو ڕەوتانەی کە خەباتی جەماوەریان بەرەو پاشکۆیەتیی دەرەکی، سازش لەگەڵ دەسەڵات یان حەرەکەتی دابڕاو لە جەماوەر ڕادەکێشا، سنووربەندنی هەبوو. ئەو هەم خەیانەت و تەسلیم تەڵەبی هێزەکانی سەر بە دەسەڵاتی ڕەت دەکردەوە و هەم خەباتی پارتیزانیی دابڕاو لە خەڵکی بە بێ ئەسەر دەزانی. ئەزموونە چەکدارییەکانی پێشتری کوردستانیشی لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە لێکدەدایەوە و بڕوای وابوو کە «مۆتۆری بیچووک ناتوانێت مۆتۆری گەورە بەگەڕ بخات: هێزی سەرەکیی گۆڕانکاری، خودی جەماوەری خەڵکن.

سەرەڕای ئەمانەش، فوئاد کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و دوور لە دەسترەس نەبوو. ژیانی ئەو ئەسرارئامێز نەبوو، بەڵکوو سادە، خاکی و ئینسانی بوو. ئەو دەیتوانی دوای خوێندنی زانکۆ ڕوو لە ژیانێکی پیشەیی و ئاسوودە بکان و بگاتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرز، بەڵام ئەم ڕێگەیەی هەڵنەبژارد. وشیارانە لە ئەمنییەت و داهاتووی کەسیی خۆی گوزەرا و ژیانی خستە خزمەت خەڵکی زەحمەتکێش و خەبات لەپێناو گۆڕانکاریدا. خۆشەویستیی ئەو زیاتر لەوەی بەرهەمی دروشم بێت، ئاکامی گوفتار و ڕەفتاری وەک یەک، سادەیی ژیان و ڕاستگۆیی سیاسیی ئەو بوو.

فوئاد لەو ماوە کورتەی ژیانیاندا ئەوەندە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بوو کە ناتوانرێت تەنیا لە چوارچێوەی بەرتەسکی ڕێکخراوێک یان ناونیشانێکی تەشکیلاتیدا هەڵبسەنگێنرێت. بەڵام ئەمە بە مانای دابڕینی ئەو لە کۆمەڵە یان لە بیرۆکە کۆمۆنیستییەکانی نییە، بەپێچەوانەوە، گرنگیی مێژوویی ئەو ڕێک لەوەدایە کە توانی ڕێکخراوێکی سیاسی بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ببەستێتەوە. ئەو لە شکڵگرتنی کۆمەڵایەتیبوونی کۆمۆنیزم لە کوردستاندا ڕۆڵی دیاریکەری هەبوو و نیشانی دا کە بیری شۆڕشگێڕانە کاتێک دەتوانێت زیندوو و کاریگەر بێت کە لە ژیان و خەباتی خەڵکدا ڕیشە دابکوتێت.

ئەمڕۆ، ٤٧ ساڵ دوای گیانبەختکردنی فوئاد، ناوی ئەو بۆ نەوە جیاوازەکان هەروا زیندووە. ئەم بەردەوامییە نەک ئاکامی پیرۆزکردن و پەرستن، بەڵکوو بەرهەمی لێکهەڵپێکانی ئامانج و کردارە. یادی فوئاد ناکرێت بە گۆڕینی ئەو بۆ نمادێکی بێمەترسی و دابڕاو لە بیروباوەڕی ڕێزلێبگیرێت. هەروەها ناکرێت بەپێی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ڕۆژ، لە ناوەڕۆکی چینایەتی و کۆمۆنیستیی خەباتەکەی بەتاڵ بکرێتەوە و وێنایەکی گونجاو لەگەڵ گێڕانەوە ناسیۆنالیستی یان لیبراڵییەکانی لێ دروستبکرێت.

ڕێزلێنانی ڕاستەقینە لە فوئاد، پاراستنی هەمان ئەو تایبەتمەندیانەیە کە مانای بە ژیانی بەخشی، واتە: ڕاستگۆیی، لەخۆبردوویی، بوێری، ڕێکخستن، بڕوا بە هێزی جەماوەر، بەیەکەوە گرێدانی تیۆری و کردار و هەروەها خۆڕاگری لە بەرامبەر ستەم و زۆرداریدا. ڕێز لە فوئاد نەک بە ڕیاکاری و کەڵکوەرگرتنی نارەوا و ناڕاستگۆیانە کە بەداخەوە بووەتە باو، بەڵکوو بە بەردەوامیدان بە ڕێبازەکەی لە خەبات بۆ بنیاتنانی جیهانێکی بەدوور لە چەوسانەوە و ستەم، جیهانی مرۆڤە ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەرانەکان، واتە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیستی دەگیرێت. دەبێت وەڵامدانەوە بەو پرسیارە بنەڕەتییانە وەبیر بهێنرێتەوە کە ئەو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد.

فوئاد موستەفا سوڵتانی لە تەمەنێکی گەنجیدا گیانی بەخت کرد، بەڵام ئەزموون و ئامانجی ئەو پێوەندی بە ڕابردووەوە نییە. هر نەوەیەکی کە ڕووبەڕووی هەژاری، ستەم و سەرەڕۆیی، هەڵاواردن و بێمافی دەبێتەوە، ناچار لەگەڵ هەمان ئەو پرسیارانە ڕوبەڕوو دەبێتەوە کە فوئاد لە بەردەم خۆیدا دانابوو: چۆن دەکرێت خەڵک ڕێکبخرێن؟ چۆن دەکرێت ئازادی لە ئاستی دروشمەوە بگوازرێتەوە بۆ واقیعێکی کۆمەڵایەتی؟ چۆن دەکرێت لە نێوان خەباتی تاکەکەسی و ڕزگاریی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندی دروست بکرێت؟

وەڵامی فوئاد ڕوون بوو: مرۆڤەکان تەنیا بە پشتبەستن بە هێزی ڕێکخراوی خۆیان دەتوانن چارەنووسی خۆیان بگۆڕن. بەم هۆیەوە، یادی ئەو نەک یادی قارەمانێکی دوور لە خەڵک، بەڵکوو یادی مرۆڤێکە کە خۆی لە ناوجەرگەی خەباتی خەڵکدا دۆزییەوە و تا دوا سات لە کناری ئەواندا مایەوە. هەربۆیەش ناوی فوئاد بەردەوام نوێیە، چونکە لە هەر شوێنێک مرۆڤەکان بۆ ڕزگاری، یەکسانی و بنیاتنانی داهاتوویەکی مرۆڤانەتر لەدەوری یەک کۆدەبنەوە، ئەزموونەکانی ئەو جارێکی دیکە دەبێتەوە بە پرسیارێکی زیندوو و ڕێگەخۆشکەر.

******

## هەشتی سێپتامبر، شەستەمینساڵیادی ڕۆژی جیهانیی خوێندەواری: سێبەری قورسی نەخوێندەواری بەسەر ئێران و ئەفغانستانەوە

هەشتی سێپتامبری هەموو ساڵێک، بە ڕۆژی جیهانیی خوێندەواری دەناسرێت، ڕۆژێکی کە حکومەتەکان، ڕێکخراوە کلتوورییەکان، دامەزراوەکانی بەرگریکاری مافەکانی مرۆڤ و کەسایەتییە سەربەخۆ کلتوورییەکان لە سەرانسەری جیهان ئاوڕی لێ دەدەنەوە. ئەم ڕۆژە بۆ یەکەمجار لە چواردەیەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی یوونسکۆ لە ساڵی ١٩٦٦ چووە ناو ڕۆژژمێری جیهانییەوە و ئەمساڵ شەستەمین ساڵیادی ڕێزی لێ دەگیرێت. بەڵام ئەم ساڵیادە، سەرباری شەش دەیە هەوڵی نێودەوڵەتی، ڕاستییەکی تاڵی لەگەڵدایە: بەپێی ئامارەکانی یوونسکۆ، لەم ساڵەدا لە هەر دە منداڵ لە جیهاندا چواریان دەستیان بە بەلانیکەمی ئاستی لێهاتوویی خوێندن ڕاناگات و تەنیا ساڵێک پێش ئەوەش، لە ساڵی ٢٠٢٣دا، نزیکەی ٢٧٢ ملیۆن منداڵ و تازەلاو لە خوێندن بێبەش بوون.

بەپێی ئامارەکانی یوونسکۆ، نزیکەی ٨٠٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا نەخوێندەوارن، ئامارێکی کە تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە خوێندنەوە و نووسین بێبەشن. بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا، بێبەشبوون لە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندیکردنیش دەبێت لە چەمکی نەخوێندەواریدا جێگەی بۆ بکرێتەوە، و لەبەر ئەوە ئاماری ڕاستەقینەی نەخوێندەواری زۆر لە ئاماری فەرمی زیاترە. یوونسکۆ خەمڵاندوویەتی کە ساڵانە، بەهۆی نەبوونی دەرفەتی پەروەردەیی پێویستەوە، لە نێوان ٣٠ تا ٥٠ ملیۆن کەس دەچنە ڕیزی نەخوێندەوارانی جیهانەوە، و لە هەمان کاتدا نزیکەی ٨٠ ملیۆن منداڵ لە جیهاندا تەنانەت دەستیان بە پەروەردەی سەرەتاییش ڕاناگات.

لە ئەفغانستانی ساڵی ٢٠٢٦دا، دەرگای خوێندنگە ئامادەیی و زانکۆکان هێشتا بە ڕووی کچان و ژناندا داخراوە. ئەنجامی ئەم سیاسەتە، لە پاڵ دەیان ساڵ شەڕ و هەژاریدا، دۆخێکە کە تێیدا تەنیا کەمێک زیاتر لە ٣٧٪ی دانیشتووانی ئەم وڵاتە بە خوێندەوار هەژمار دەکرێن. بێبەشکردنی سیستماتیکی نیوەی دانیشتووان لە مافی خوێندن، ئەفغانستانی کردووەتە یەکێک لە ئاشکراترین نموونەکانی سەرکوتکردنی پەروەردەیی لە جیهانی ئەمڕۆدا، نموونەیەکی کە جارێکی دیکە نیشانی دەداتەوە کە نەخوێندەواری لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا، پێش ئەوەی پرسێکی ئابووری یان ژێرخانی بێت، بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی حکومەتە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا دۆخەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران، نزیکەی ٢٨ ملیۆن کەس لە دانیشتووانی وڵات نەخوێندەوارن، ئامارێکی کە ئێران لە نێو ١٧٨ وڵاتی جیهاندا دەخاتە پلەی سەد و بیستەمەوە. بەڵام تەنانەت ئەم ئامارە فەرمییە دەربڕی ئاستی ڕاستەقینەی نەخوێندەواری لە وڵاتدا نییە، چونکە پێناسەی فەرمیی «خوێندەوار» لە ئێران زۆر ئاست نزمە: بەپێی پێوەرەکانی ناوەندی ئامار، هەرکەسێک بتوانێت دەقێکی سادە بە زمانی فارسی بخوێنێتەوە یان بنووسێت، بە خوێندەوار هەژمار دەکرێت، ئاستێکی کە یەکسانە بە کۆتایی پۆلی یەکەمی سەرەتایی. لە کاتێکدا لە جیهانی ئەمڕۆدا، خوێندەواریی ڕاستەقینە بە مانای توانای کەڵکوەرگرتن لە زانستە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان، لێهاتوویی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و بە هاتنی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانە، نەبوونی کەمترین لێهاتوویی لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەشدا دەبێت وەک یەکێک لە نموونەکانی نەخوێندەواری بناسرێت.

ئاماری نەخوێندەواری لە ئێران بە شێوەیەکی یەکسان لە نێو هەموو توێژەکانی کۆمەڵگادا دابەش نەبووە. ژمارەی نەخوێندەواران لە نێو کرێکاران و توێژە بێبەشەکاندا بە ڕادەیەکی بەرچاو لە توێژەکانی دیکە زیاترە، نەخوێندەواری لە نێو ژناندا دوو هێندەی پیاوانە، و زۆربەی هەرە زۆری نەخوێندەواران لە گوندەکاندا دەژین. ئەم ئامارە هەروەها لە پاڵ کارەساتێکی دیکەدایە: لە نێوان ٢٠ ملیۆن منداڵی شایستەی خوێندن لە ئێران، تەنیا ١٢ ملیۆن کەسیان دەتوانن بچنە قوتابخانە.

لە نێوان پارێزگا جیاوازەکانی ئێراندا، پارێزگا کوردنشینەکان بەرزترین ئاماری نەخوێندەوارییان هەیە لە پاڵ پارێزگای سیستان و بەلووچستاندا. ئەم دۆخە بەڕێکەوت نییە: منداڵانی کورد، بەپێچەوانەی ئەسڵی دانپێنراوی مافی خوێندن بە زمانی دایک، لە هەمان سەرەتای خوێندنەوە ناچارن لە سیستەمێکدا بخوێنن کە زمان و کلتوورەکەیان پشتگوێ دەخات. ئەم بێبەشبوونە زمانییە، لە پاڵ گەشەنەسەندنی ئابووریی درێژماوەی ناوچە کوردنشینەکان و سیاسەتە ئەمنی-سەربازییەکانی زاڵ بەسەر ئەم ناوچانەدا، بووەتە یەکێک لە ڕیشەییترین شێوازەکانی نایەکسانیی پەروەردەیی لە ئێراندا. بەم شێوەیە، کوردستان نە تەنیا لە پاڵ سیستان و بەلووچستان، بەڵکوو وەک هێمایەک لە سیاسەتی هەڵاواردنی پێکهاتەیی دژ بە ناوچە نەتەوەیی و ئایینییە بێبەشەکان، لە سەرەوەی ئاماری نەخوێندەواریی وڵاتدا جێگەی گرتووە.

کۆماری ئیسلامی، سەرباری ئەوەی وا نیشان دەدات کە گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشەی نەخوێندەواری دەدات، بەڵام هەرگیز پڕۆژەیەکی سەرکەوتووی لەم بوارەدا پێشکەش نەکردووە. هۆکاری ئەم شکستە دەبێت لە کارە لەپێشینە ڕاستەقینەکانی ڕژێمدا بۆی بگەڕێین: گەورەترین بەشی بودجەی ساڵانەی وڵات تەرخان دەکرێت بۆ چالاکییە سەربازی و ئەمنییەکان و هەروەها دەزگاکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی خورافات لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، لە کاتێکدا بازاری گەندەڵی و تاڵانی دارایی و ئیداری لە ئارادایە. لە دەسەڵاتێکی وەهادا، پڕۆژە جۆراوجۆرەکانی خوێندەواریی کە لە ماوەی چەندین ساڵانی ڕابردوودا جێبەجێ کراون، نەیانتوانیوە بگەنە ئنجامێکی بەردەوام، ئەنجامێکی کە ئەمڕۆ خۆی لە هەمان ئاماری فەرمیی ٢٨ ملیۆن نەخوێندەواردا بەڕوونی نیشان دەدات.

کێشەی منداڵان، گەنجان و گەورەساڵانی ئێران، تەنیا نەخوێندەواری یان کەمخوێندەواری بە مانای ڕاستەقینەی وشە نییە. کۆماری ئیسلامی، بەدەر لە ئاماری نەخوێندەواری، کوالێتیی پەروەردەشی بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر دابەزاندووە. ئەو منداڵانەی لە خوێندن دادەبڕێن، ڕەوانەی بازاڕێکی بێبەزەیی کار دەکرێن کە تێیدا بەشێکی زۆریان ئیتر هەرگیز دەرفەتی خوێندن و خوێندەوارییان دەست ناکەوێت. لە هەمان کاتدا، بەرپرسانی ڕژێم بۆ ئەو بەشە لە قوتابیانی کە لە سیستەمی پەروەردەدا دەمێننەوە، سیاسەتێکی ئاگایانە پەیڕەو دەکەن، لەوانە: هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی خورافاتی، خاوەن کەسایەتییەکی لاواز و ناسەربەخۆ و گوێڕایەڵ. دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە، کەسانێک بە ناوی «پەروەردەکار» (مورەبی پرورشی)، کە زۆربەیان ئاخوند یان خاوەنی پەروەردەی ئایینین، ڕەوانەی قوتابخانەکان دەکەن تا لە پەیوەندییەکی تاکی و ڕاستەوخۆدا لەگەڵ قوتابیان، بەرەو خورافەگەری ئاراستەیان بکەن. ئەم ڕەوتە بە گوشار و پێدانی ئیمتیاز بۆ بە ئەندامبوونی منداڵان و تازەلاوان لە ڕێکخراوی بەسیجی سپای پاسداران، و هەروەها جیاکردنەوەی ڕەگەزیی کچان و کوڕان لە قوتابخانەکاندا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی دەرفەتی هاوفکری و هاوکاری لە نێوانیاندا، تەواو دەکرێت.

ئەوەی کە لە ئامار و ڕاستییەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، وێنەیەکی ڕوونە لە پەیوەندیی نێوان نەخوێندەواری و پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران و ئەفغانستان. لە ئەفغانستان، بێبەشکردنی نیوەی دانیشتووان لە مافی خوێندن، سیاسەتێکی ئاشکرا و ڕاگەیەندراوی حکومەتە. لە ئێران، نەخوێندەواری بەرهەمی هەڵبژاردنی ئاگایانەی ڕژێمێکە کە سەرچاوەکانی وڵات لە بری وەبەرهێنان لە پەروەردەدا، لەپێناو مانەوەی ئەمنی و ئایدۆلۆژیی خۆیدا خەرج دەکات، ڕژێمێکی کە منداڵانی کوردستان لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەش دەکات و لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات مێشکی ئەو قوتابیانەش کە لە سیستەمی پەروەردەدا ماون، بە خورافات و گوێڕایەڵی شکڵ پێبدات. لە ئاوا دۆخێکدا، خەبات دژ بە نەخوێندەواری و سەرجەم دەرد و نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە ئێران، بەبێ خەبات لەدژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە ئاکام گەیشتنی مەحاڵە.

******

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٧ - خەرمانانی ١٤٠٥ -September ٢٠٢٦

# وەستانەوە لەبەرامبەر مەرگ لەپێناو ژیاندا: خەباتێکی کە شەریف باجوور و هاوڕێیانی ڕچەشکێنی بوون

ئازاد

ڕۆژی سێشەممە، ٣ی خەرمانانی ١٤٠٥، هاوکات بوو لەگەڵ هەشتەمینساڵیادی ئەو ڕۆژەی کە شەریف باجوور، ئۆمید کۆنەپۆشی (حسێنزادە)، محەممەد پژووهی و ڕەحمەت حەکیمینیا لە دارستانەکانی سەلەسی و پیلەی مەریوان، لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگردا، گیانیان بەخت کرد. بەم بۆنەیەوە لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی سەوزی چیا لە شاری مەریوان، ڕێوڕەسمێکی شکۆدار بە بەشداری جەماوەرێکی بەرچاو بەڕێوەچوو، هەروەها ماوەیەک لەمەوبەر لە سنەش ڕێوڕەسمێکی هاوشێوە بۆ یادکردنەوەی گیانبەختکردووانی ژینگەپارێزی ئاویەر بەڕێوەچوو. دووبارەبوونەوەی ئەم ڕێوڕەسمانە، خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە یادی ئەو ژینگەپارێزانە. لە دڵی خەڵکی کوردستاندا زیندووە و ئەم بۆنانە ساڵ لەدوای ساڵ لە یادەوەرییەکی ساکارەوە بووەتە فەرهەنگ و نەریتێکی جێکەوتوو و بەشێک لە پێناسەی خەباتی خەڵکی کوردستان.

شەریف باجوور، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی سەوزی چیا و بەرپرسی گروپی ئاگرکوژێنەوەی ئەم ئەنجومەنە، کەسێکی ناسراو و جێگای متمانە بوو لەنێو کۆمەڵگەی مەدەنی مەریوان، کە بەبێ هیچ ئامرازێکی پێویست، گیانی خۆی لەپێناو ڕزگارکردنی دارستانەکانی کوردستاندا فیدا کرد. ئەو پێشتریش لە چالاکییەکانی یارمەتی گەیاندن بە بوومەلەرزە لێدراوەکانی ئەزگەلە و ڕێپێوانی دیفاع لە مافی ئاژەڵاندا بەشدار بوو. لەگەڵ هاوڕێکانی، بە دەستی بەتاڵ و بەبێ پاڵپشتی فەرمی، بەگژ ئاگردا چوون بۆ ئەوەی بەشێک لە سروشتی دەوڵەمەندی کوردستان بپارێزن. بەگوێرەی وتەی نزیکەکانی، شەریف باجوور بەر لە گیانلەدەستدانی، گەلێک بەڵگەی بەدەستهێنابوو کە نیشانی دەدا زۆربەی ئەو ئاگرکەوتنەوانە بە ئەنقەست بوون و دەیویست سکاڵا لە دژی سپای پاسداران تۆمار بکات، مەرگی ئەو و هاوڕێیانی، هەر لەو ڕۆژەوە بە مەرگێکی گوماناوی دادەنرێت، نەک ڕووداوێکی سروشتی.

لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان بە ڕوونی نیشان دەدەن کە ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکانی زاگرۆس، لەوانە دارستانەکانی کوردستان، ڕووداوێکی سروشتی نین. بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی چالاکوانانی ژینگە، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا نزیکەی ٤ ملیۆن هێکتار لە کۆی ١٠ ملیۆن هێکتار دارستانەکانی زنجیرەچیای زاگرۆس لەناوچوون و لە ئاستی گشتی ئێراندا ساڵانە نزیکەی ١٢٥ هەزار هێکتار دارستان لەناودەچێت. ئەم ڕێژەیە لە کوردستاندا زۆر زیاتر لە ئاستی مامناوەندی گشتی وڵاتە. کارناسانی ژینگە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت، ئێران لە ماوەی ٥٠ ساڵی داهاتوودا هیچ دارستانێکی نامێنێت.

ئەوەی کە ئامانجداربوونی ئەم ئاگرکەوتنەوانە زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە، شێوازی ئەو ئاگرانەیە: چەندین جار بینراوە کاتێک چالاکوانانی ژینگە و کۆمەڵانی خۆبەخش بەشێک لە ئاگری چیایەکی زاگرۆسیان کوژاندووەتەوە، دەستبەجێ لە لوتکەیەکی دیکە ئەو دارستانە ئاگر کەوتۆتەوە، ئەمە شێوازێکی بەرنامەبۆدارێژراوە، نەک ئاگرێکی هەڵگیرساو بەهۆی ڕووداوێکی سروشتییەوە. ئەنجومەنی سەوزی چیا لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ئاگرکەوتنەوەکان لە دارستانەکانی مەریوان لە ساڵی ١٤٠٢دا، ئاماژەی بەوە کردووە کە زنجیرەی ئاگرکەوتنەوەکان، بارودۆخ و چڕیی ئاگرەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، ئەگەری هەر هۆکارێکی سروشتیی ڕەت دەکاتەوە. وێڕای ئەوەش، ئەو ناوچانەی کە ئاگریان لێدەکەوێتەوە، زۆربەی جار پڕن لە مین و پاشماوەکانی چەکی سپای پاسداران کە لە کاتی شەڕدا لەو ناوچانە بەجێماون و زۆرجاریش باس لەوە کراوە کە بۆردومانی تۆپخانەکانی سپا بووەتە هۆی کەوتنەوە و پەرەسەندنی ئاگرەکان.

کاریگەری ئاگرکەوتنەوەی دارستان لەسەر ژینگە زۆر لە سووتانی چەند دارێک فراوانترە: خاکێکی بەتەواوی وشک و بەیار لەدوای خۆی جێدەهێڵێت، سیستەمی ژیانی گیانلەبەرانی ئەو ناوچەیە تێکدەدات، ڕێژەی



گازی کاربۆن لە هەوادا زیاد دەکات و کاریگەری لەسەر گۆڕانی ئاووهەوای ناوچەکە دادەنێت، سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی کەم دەبنەوە، و لە درێژماوەدا، دەبێتە هۆی بە بیابانیبوونی ناوچەکە. لە کوردستان، کە ژیانی گوندنشینان زۆرتر پشتبەستووە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و دارستان و لەوەڕگاکان، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەژاری پەرە پێدەدات و دەبێتە هۆی ناچارکردنی خەڵک بە کۆچکردن و گوندنشینان لە ژیانی ئاسایی خۆیان دوور دەخاتەوە.

ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی مەریوان، تاکە نموونە نییە، بەڵکوو بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتر و درێژخایەن کە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی چل و چەند ساڵی دەسەڵاتدارێتی خۆی لەسەر سروشتی ئێران و بە تایبەت کوردستان جێبەجێی کردووە. وشکبوونی بەشی هەرەزۆری گۆلی وورمێ، کە یەکێک بوو لە گەورەترین گۆلاوەکانی وڵات، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی دروستکردنی بێ بەرنامەی بەنداوی زۆر لەسەر ڕووبارەکان و بەکارهێنانی نادروستی ئاوی کشتوکاڵییە. لە کوردستان، بەهۆی پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی داریان، سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی مەعدەنی کوردستان و ژینگەی گیانلەبەران لەناودەچێت، بەبێ ئەوەی هیچ ڕەچاوی دۆخی خەڵکی ناوچەکە بکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا، بەنداوی کانیگۆیژانی بانەش هەر لەم ساڵانەدا سەرەڕای ناڕەزایەتی خەڵک و کارناسانی ژینگە، هەروا بەردەوامە.

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردستان، سروشت و دارستان و ئاوی ئەم ناوچەیەی وەک مەیدانی شەڕ و ئامرازی چاودێری سیاسی و نیزامی بەکارهێناوە. دارستان دەسووتێنن بەمەبەستی چاودێریکردنی چالاکی هێزی پێشمەرگە و نەهێشتنی پەناگە بۆ خۆ حەشاردان، کاتێک هاوڵاتییەک چالاکییەکی ژینگەپارێزی ئەنجام دەدات، وەک تاوانبار دەستبەسەر و دادگایی دەکرێت. ئەم دیاردانە، بە پێچەوانەی ڕوانگەیەکی گشتی جیهانین کە ژینگە وەک بەرژەوەندی هاوبەشی مرۆڤایەتی چاولێدەکەن، لێرەدا ژینگە وەک ئامرازێکی دەسەڵات و کۆنترۆڵ بەکاردێت. ئەم دیدگایە، بەگوێرەی چالاکوانان و لێکۆڵەران، سیاسەتێکی جیاکارانە و دوژمنکارانەیە کە ئامانجە سەرەکییەکەی، بریتییە لە لەناوبردنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان و بەم شێوەیە زیانگەیاندن بە ژیانی خەڵکی ناوچەکە. لەم ڕوانگەیەوە، شەریف باجوور و هاوڕێیانی و سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لەپێناو پاراستنی ژینگەدا گیانیان لەدەستداوە، تەنها قوربانی ئاگر نەبوون، بەڵکوو قوربانی سیاسەتێکی سیستەماتیک بوون کە لەدژی ژینگە و لەدژی خەڵکی کوردستان بەڕێوە چووە. ژینگەپارێزانی کوردستان، بەبێ هیچ کەرەستەیەکی پێویست، لە بەرامبەر تەوژمی بڵێسەی ئاگر و سیاسەتی نامرۆڤانەی یەکێک لە ڕژیمە دژە ژینگەکانی جیهاندا وەستاونەتەوە. ئەوان ناچار دەبن بەبێ هیچ ئامادەکارییەکی فەرمی و بەبێ هیچ ئامرازێکی پاراستن، بەگژ مەترسیی مەرگدا بچنەوە، لە کاتێکدا ئەرک و بەرپرسیاری کوژاندنەوەی ئاگر و پاراستنی دارستانەکان لە ئەستۆی خودی ڕژێمە. ڕێکخستنی ئەم چالاکییانە لەنێو ڕێکخراوە خۆبەخشەکانی وەک ئەنجومەنی سەوزی چیا، خۆی نیشانەی سەرهەڵدانی وشیارییەکی مەدەنییە: کۆمەڵگەی کوردستان، لەبەرامبەر بێدەنگی و نابەرپرسیارێتی دەوڵەتدا، خۆی بە ئەرکی پاراستنی ژینگەی زێدەکەی هەڵدەستێت.

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ساڵانەی یادکردنەوە لە یادی گیانبەختکردووانی ژینگەپارێز لە سنە و مەریوان و شوێنەکانی تر، بابەتێکی زیاتر لە یادەوەرییە. ئەم ڕێوڕەسمانە بۆ خۆیان بوونەتە بەشێک لە شکڵ و شێوازی خەباتی مەدەنی، کە یەکگرتوویی و هاوپشتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕژیم پتەوتر دەکات. کاتێک جەماوەر یادی ژینگەپارێزان دەکەنەوە، لە ڕاستیدا وێڕای مەحکووم کردنی سەبەبکارانی ئەو ڕووداوانە، ڕایدەگەیەنن کە مەرگی ئەو کەسانە نەک هەر بە زایە نەچووە، بەڵکوو بوونەتە هەوێنی بەهێزکردنی هاوسۆزی و هاوپشتی جەماوەری. ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە، پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بەهێزتر دەکەن، وشیاری ژینگەیی و سیاسی پەرە پێدەدەن و بۆ نەوەی نوێش دەبنە هێمای خۆبەخشی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی گشتی. لەم ڕوانگەیەوە، یادی شەریف باجوور و سەرجەم گیانبەختکردووانی ژینگەپارێزی کوردستان، خۆی لەخۆیدا بووەتە بەشێک لە فەرهەنگی خۆڕاگریی و بەردەوامیی خەباتی جەماوەری.


لەمڕووەوە مەرگی شەریف باجوور و هاوڕێیانی ناتوانرێت پرسێکی جیا لە خەباتی گشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ڕژێمێکی کە دارستانەکانی کوردستان دەسووتێنێت و گۆلاوی ورمێ وشک دەکات، هەمان ئەو ڕژیمەیە کە کۆڵبەران دەکوژێت، ژنان دەچەوسێنێتەوە، چالاکوانانی سیاسی و کرێکاری دەستەبەر و ئێعدام دەکات و بەر بە هەر دەنگێکی ئازاد و ناڕازی دەگرێت. ئەم ڕژیمە دژی ژینگەیە، دژی ئازادییە و دژی مرۆڤایەتییە، چونکە بۆ ئەم ڕژیمە، نە خاک و نە ئاو و نە مرۆڤی کورد هیچ بەهایەکی سەربەخۆیان نییە، بەڵکوو هەموویان تەنها ئامرازی چاودێری و دەسەڵاتن. لەمڕووەوە، خەباتی ژینگەپارێزی و خەباتی ئازادیخوازانە، لە بنەڕەتدا یەک خەباتن.

**بەرز و بەڕێز بێت یادی شەریف باجوور و سەرجەم ژینگەپارێزانی گیانبەختکردوو.**

******

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٧ - خەرمانانی ١٤٠٥ -September ٢٠٢٦

# وانەکانی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»




چوار ساڵ لەوەپێش، قەتڵی حکومەتیی ژینا ئەمینی چەخماخەی ڕاپەڕینێکی لێدا کە بووە یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران. ژینا، کیژۆڵەیەکی گەنجی کوردی خەڵکی سەقز، دوای دەستبەسەرکردنی لەلایەن گشتی ئێرشاد لە تاران گیانی لەدەستدا، بەڵام ناوی بەخێرایی لە سنووری کارەساتێکی تاکەکەسی تێپەڕی و بووە هێمای ڕق و تووڕەیی کەڵەکەبووی ملیۆنان مرۆڤ دژ بە سەرکوت، سووکایەتیی، هەڵاواردن، هەژاری و بێمافی. ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی لە شاری سەقز، بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»، بووە دەستپێکی بزووتنەوەیەک کە تەواوی ئێرانی گرتەوە و تەنانەت لە جیهان دەنگی دایەوە.

ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا نارەزایەتییەک دژ بە حیجابی زۆرەملێ نەبوو، هەرچەندە پرسی حیجاب یەکێک بوو لە گرنگترین گۆڕەپانەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ژنان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. ئەم بزووتنەوەیە بەخێرایی نیشانی داد کە کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژنان، بەشێکە لە سیستەمێکی بەربڵاوتری دەسەڵات؛ سیستەمێک کە لەسەر سەرکوتی سیاسی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ستەمی نەتەوەیی، چەوسانەوەی ئابووری و نەهێشتنی ئازادییە مەدەنییەکان دامەزراوە. بەم هۆیەوە، دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» توانی ژنان، گەنجان، خوێندکاران، کرێکاران، خەڵکی بێبەش و نەتەوە چەوساوەکان لە دەوری ئاسۆیەکی هاوبەش کۆبکاتەوە بکاتەوە.

ئێستا، دوای چوار ساڵ، سەرەڕای بەبوونی سەرکوتی خوێناوی، زیندان، سێدارە، هێرش بۆ سەر بنەماڵە دادخوازەکان و هەوڵی حکومت بۆ سەپاندنی فەرامۆشی و لەبیر چوونەوە، شوێنەوارەکانی ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتییە هێشتا زیندوو و بەرچاون. لە هەمووی گرنگتر، ئەم بزووتنەوەیە گەلێک وانەی گەورەی بۆ خەباتی ئەمڕۆ و داهاتووی خەڵکی ئێران بەجێهێشتووە.

یەکەم و بنەڕەتیترین وانەی شۆڕشی ژینا، شکاندنی دیواری ترسێک بوو کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەیان ساڵدا بە سێدارە، زیندان، ئەشکەنجە، دەرکردن، هەڕەشە و کۆنترۆڵی بەردەوامی کۆمەڵگە دروستی کردبوو. لە پایزی ١٤٠١دا، ملیۆنان کەس دیتیان کە خۆڕاگریی لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرکوتگەردا مومکینە. ژنان و کچانی گەنج لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتییەکان وەستان، لەچکەکانیان فڕێدا، لەسەر شەقام دروشمیان بەرز کردەوە، ڕووبەڕووی هێزە سەرکوتگەرەکان بوونەوە و مانایەکی تازەیان بە بوێری و چاونەترسی بەخشی.

ئەم بوێرییە تەنیا لە خۆپێشاندانی شەقامدا ڕەنگی نەدایەوە. دوای هێوربوونەوەی نارەزایەتییە ئاشکراکانیش، لە زانکۆکان، قوتابخانەکان، ناوەندەکانی کار، گەڕەکەکان و لە هەڵبژاردنە ڕۆژانەییەکاندا بەردەوام بوو. سەرپێچیی ژنان لە بەرامبەر حیجابی زۆرەملێ، ئامادەیی ئازادانەیان لە شوێنە گشتییەکاندا و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سووکایەتی و کۆنترۆڵ، شێوازێک لە خەباتن کە بەردەوام کۆڵەکە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕژێم بنکۆڵ دەکەن.

کۆمەڵگە تێگەیشت کە ترس چارەنووسێکی نەگۆڕ نییە. ترس کاتێک دەشکێت کە تاک خۆی بە تەنیا نەبینێت و هێزی بەکۆمەڵ ئەزموون بکات. هەر ئەم ئەزموونە بەکۆمەڵە، یەکێکە لە درێژخایەنترین سەرمایە سیاسی و دەروونییەکانی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی». کۆمەڵگەیەک کە جارێک هێزی خۆی لە شەقام، زانکۆ، قوتابخانە یا ناوەندەکانی کاردا دیتووە، بە ئاسانی ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشوو.

دووەم وانەی گەورەی ئەم بزووتنەوەیە، بریتی بوو لە گۆڕانی زمانی سیاسی لە ئێران. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا دروشمێکی جوان و ئیلهامبەخش نەبوو، بەڵکوو فەرهەنگێکی تازەی بۆ تێگەیشتن لە سیاست و ئازادی دروست کرد. ئەم دروشمە، «ژن»ی لە پەراوێزەوە هێنایە ناوەندی سیاست، «ژیان»ی لە بەرامبەر فەرهەنگی مەرگ، سەرکوت و سک هەڵگوشینی ڕژێمدا دانا، و «ئازادی»ی لە چەمکێکی ئەبستراکتەوە گۆڕی بۆ مافێکی ڕۆژانە و بەرجەستە.

ئازادی لەم بزووتنەوەیەدا بە مانای مافی هەڵبژاردنی پۆشاک، مافی خاوەندارێتی بەسەر جەستە، مافی خۆشویستن، مافی شادی، مافی ئامادەیی یەکسان لە کۆمەڵگەدا، مافی ڕێکخراوەیی، مانگرتن، ڕادەربڕین و کۆبوونەوە بوو. ژیانیش تەنیا بە مانای زیندوبوون نەبوو، بەڵکو مافی بەهرەمەندبوون لە نان، کار، شوێنی نیشتەجێبوون، پەروەردە، دەرمان، ژینگەیەکی تەندروست و کەرامەتی ئینسانی دەگرتەوە.

ئەم لێک هەڵپێکانەی نێوان ئازادییە تاکەکەسییەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەبوو. شۆڕشی ژینا نیشانی داد کە ناکرێت باسی ئازادی بکرێت بەڵام بەرامبەر بە هەژاری، بێکاری، چەوسانەوە و بێبەشبوونی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بێ هەڵوێست بێت. بە هەمان شێوە ناکرێت باسی دادپەروەریی ئابووری بکرێت و ئازادیی ژنان، ئازادیی ڕادەربڕین و مافی نەتەوە چەوساوەکان بە داهاتوویەکی نادیار بسپێردرێت. خەبات بۆ ڕزگاری، خەباتێکی یەکپارچەیە.

یەکێکی دیکە لە وانە گرنگەکانی ئەم ڕاپەڕینە، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی نەوەی گەنج، بەتایبەت نەوەکانی دەیەی حەفتا و هەشتای هەتاوی بوو. پێش شۆڕشی ژینا، شیکاریی بێئومێدانە لەسەر ئەم نەوەیە بڵاو دەکرایەوە و وەک نەوەیەکی تاکگەرا، ناسیاسی، نقومبوو لە فەزای مەجازی و بێ هەڵوێست بەرامبەر بە چارەنووسی کۆمەڵگە دەبینرا. بەڵام حزووری ڕادیکاڵ و بوێرانەی تازەلاوان و گەنجان لە شەقامەکان، قوتابخانەکان و زانکۆکاندا، ئەم شیکارییانەی بە تەواوی پووچەڵکردەوە.

قوتابیان و خوێندکاران لە زۆرێک لە شارەکان دژ بە فەزای سەرکوت و سووکایەتی ڕاپەڕین. ئەوان نیشانیان داد کە نەوەی گەنج نەک هەر خوازیاری گۆڕانکارییە، بەڵکوو زمان، شێوازەکانی پەیوەندی، جۆرەکانی ڕێکخستن و بیر و خەیاڵێکی سیاسیی تازەشی لەگەڵ خۆی هێناوە. نەوەیەکی کە منداڵی و تازەلاویی خۆی لە قەیرانی ئابووری، گەندەڵی، بێئاسۆیی، گەمارۆ، هەڵاواردن و کۆنترۆڵی فەرهەنگیدا تێپەڕاندووە، هۆکار و هاندەری زۆری هەیە بۆ نارەزایەتی.

ئەم بزووتنەوەیە قوتابخانەیەکی کرداریی سیاسەت بوو بۆ نەوەی نوێ. زۆرێک لە تازەلاوان و گەنجان لە ماوەیەکی کورتدا ئەزموون گەلێکیان بەدەستهێنا، کە ڕەنگە لە دۆخێکی ئاساییدا چەندین ساڵی خایاندبایە، لەوانە: مانای هاوپشتی، گرنگیی یەکگرتوویی، پێویستیی ڕێکخستن، شێوازی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پڕوپاگەندەی حکومەتی، چاودێری لە یەکتر، پاراستنی ئەمنییەت لە دۆخی سەرکوتدا و پێویستیی بیرکردنەوە لە جێگرەوەیەک بۆ دۆخی ئێستا. ئەوان هەروەها تێگەیشتن کە خەبات هەوراز و نشێوی هەیە و شکستی کاتی بە مانای کۆتایی ڕێگەکە نییە.

سەرکوتی بەربڵاوی شەقامەکان، بزووتنەوەکەی لەناو نەبرد، بەڵکوو شێوازەکانی گۆڕی. یەکێک لە وانە گرنگەکانی شۆڕشی ژینا ئەوە بوو کە خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی تەنیا لە ساتە گەورەکان و خۆپێشاندانی ملیۆنیدا نییە. خۆڕاگریی دەکرێت لە کۆڕ و کۆمەڵە بچووکەکانی دۆستایەتی، کۆبوونەوە خوێندکارییەکان، ناوەندەکانی کار، چالاکیی فەرهەنگی، هونەر، مۆسیقا، ئەدەبیات، پشتیوانی لە زیندانیان و بنەماڵەی گیانبەختکردووانـدا بەردەوام بێت. ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پاراستنی وره، گواستنەوەی ئەزموون، چاودێریی زیانپێگەیشتووان و زیندوراگرتنی یادەوەری بەکۆمەڵدا گێڕا. لە دۆخێکدا کە حکومت هەوڵ دەدات تاکەکان گۆشەگیر، پرشوبڵاو و ترساو ڕابگرێت، پەیوەندییە بچووک بەڵام بەردەوامە کۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی تایبەت پەیدا دەکەن. ئەم پەیوەندییانە دەکرێت لە ساتە گونجاوەکاندا بگۆڕێن بۆ تۆڕی بەربڵاوتری نارەزایەتی و ڕێکخستن.

ئەزموونی شۆڕشی ژینا هەروەها نیشانی داد کە خەباتی بەردەوام پێویستی بە تێکەڵەیەک لە شێوازە جیاوازەکانی تاکتیک هەیە: نارەزایەتیی شەقام، مانگرتن، سەرپێچیی مەدەنی، چالاکیی فەرهەنگی، ڕێکخستن لە شوێنی کار و ژیان، دادخوازی و دروستکردنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ. هیچ شێوازێک بە تەنیا بەس نییە. گرتنەبەری شێوازی جۆراوجۆری تاکتیک، هاوکات لەگەڵ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی، مەرجی بەردەوامی و پەرەسەندنی خەباتە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»، بریتی بوو لە ڕۆڵی هاوڵاتییان لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاریدا. هەزاران کەس بە موبایلەکانیان دیمەنەکانی نارەزایەتی، سەرکوت، بوێری و هاوپشتییان تۆمار کرد. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونە ڕاگەیاندنێک بۆ گواستنەوەی هەواڵ، ئاشکراکردنی تاوانەکانی حکومەت و دروستکردنی گێڕانەوەگەلێک، کە جیاوازیی بنەڕەتییان هەبوو لەگەڵ گێڕانەوەی فەرمیی کۆماری ئیسلامی. حکومەت بەردەوام هەوڵی داوە ڕاستییەکان بشارێتەوە، قوربانیان تاوانبار و سەرکوت پاساو بکات. بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، قۆرخکاریی ڕاگەیاندنیی حکومەت بەشێوەیەکی بێوێنە تووشی ئاڵنگاری بوو. هەر هاوڵاتییەک دەیتوانی ببێتە شایەتحاڵ، پەیامنێر و پارێزەری بیرەوەریی ڕووداوێک. وێنە و گێڕانەوە تۆمارکراوەکان لە گیانبەختکردووان، دەستبەسەرکراوان، خۆڕاگریی ژنان و نارەزایەتی لە شارە جۆراوجۆرەکان، بوونە ئەرشیڤێکی زیندوو لە خەباتی خەڵکی ئێران.

شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە دەستی پێکرد، بەڵام لە هەمان ڕۆژەکانی یەکەمدا نیشانی داد کە بزووتنەوەیەکی لۆکاڵی نییە. دروشمی کوردیی «ژن، ژیان، ئازادی» لە تاران، بەلووچستان، خوزستان، ئازەربایجان، گیلان، ئیسفەهان، شیراز و شارەکانی تر دەنگی دایەوە. ئەم هاوپشتییە، وەڵامێکی ڕوون بوو بە سیاسەتی لەمێژینەی کۆماری ئیسلامی بۆ دووبەرەکی خستنە نێوان خەڵک و نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران.

ئەم بزووتنەوەیە نیشانی داد کە ستەمی ڕەگەزی، ستەمی نەتەوەیی و چەوسانەوەی چینایەتی گرێدراوی یەکترن. ژنێکی کورد کە دژ بە حیجابی زۆرەملێ و هەڵاواردنی نەتەوەیی دەوەستێتەوە، کرێکارێک کە لەپێناو حەقدەست و مافی ڕێکخراوبوونی خۆی خەبات دەکات، خوێندکارێکی کە خوازیاری ئازادیی زانکۆیە و بنەماڵەیەکی کە دادخوازی خوێنی ڕۆڵەکەیەتی، هەموویان لە بەرامبەر پێکهاتەیەکی هاوبەش لە دەسەڵاتدارێتی وەستاونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا هاوپشتی خۆی لەخۆیدا بەس نییە. یەکێک لە وانە یەکلاکەرەوەکانی بزووتنەوەکە ئەوەیە کە دەبێت پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی کرێکاری، موعەلیمان، خانەنشینان، خوێندکاران، بزووتنەوەی دادخوازی و خەباتی خەڵکی ستەملێکراو وشیارانەتر و ڕێکخراوتر بێت. هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەتایبەت لە ڕێگەی مانگرتنی سەرتاسەرییەوە، دەتوانێت هاوسەنگی هێز بە شێوازێکی جدیی بە زیانی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێت.

شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» توانی مەشروعیەتی کۆماری ئیسلامی بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر لەناو ببات. پرسی ژنانی هێنایە ناوەندی سیاسەتی ئێران و گۆڕانکاریی گرنگی لە فەرهەنگ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا دروست کرد. شکستی ڕژێم لە سەپاندنی تەواوەتیی حیجابی زۆرەملێ، یەکێکە لە دیارترین دەرکەوتەکانی ئەم گۆڕانکارییە. بەڵام ئەزموونی ئەم ساڵانە هەروەها نیشان دەدات کە بۆ تێپەڕبوون لە نارەزایەتییەوە بەرەو گۆڕانکاریی بنەڕەتی، ڕێکخستنی بەردەوام پێویستییەکی حەتمییە.

تووڕەیی، بوێری و ئامادەیی شەقام سەرچاوەگەلێکی گەورەی هێزن، بەڵام بەبێ بوونی ڕێکخراوە سەربەخۆ و ڕیشەدارەکان، شوڕاکان، کۆمیتەکانی گەڕەک، تۆڕە کرێکاریی و خوێندکاریی و پەیوەندییە سەرتاسەرییەکان، ڕژێم دەتوانێت بە سەرکوت، لاوازکردن و پرشوبڵاوکردن بزووتنەوەکە کۆنترۆڵ بکات. ڕێکخستن بە مانای جێگیرکردنی ئیرادەی خەڵکە لە شوێنی بڕیاردان لە سەرەوە، بە مانای ئەوەیە کە خەڵک بتوانن لەسەر چارەنووسی خۆیان، شوێنی کار، گەڕەک، زانکۆ و کۆمەڵگەکەیان بڕیار بدەن.

وانەی سەرەکیی شۆڕشی ژینا ئەوەیە کە خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی نەک ڕووداوێکی کورتخایەن، بەڵکوو پرۆسەیەکی مێژووییە. ئەم پرۆسەیە بە خۆڕاگریی ژنان دەستی پێنەکردووە و بە قۆناغێک لە سەرکوتیش کۆتایی پێنایەت. تۆوەکانی ئەم شۆڕشە لە وشیاری، بوێری، زمان، بیرەوەری و شێوازی ژیانی خەڵکدا چێنراون.

«ژن، ژیان، ئازادی» ناوی ئاسۆیەکی ڕاستەقینەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی کە تێیدا هیچ کەسێک بەهۆی ڕەگەز، نەتەوە، چین، بیروباوەڕ یان شێوازی ژیانی نەکەوێتە بەر سووکایەتی و سەرکوت نەکرێت. ڕەمزی وەدیهاتنی ئەم ئاسۆیە، بریتییە لە پاراستنی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەکە، پەرەسەندنی هاوپشتی و ڕێکخستنی هێزی بەرینی ئەو جەماوەری کە چوار ساڵ لەوەپێش لە شەقامەکانی ئێراندا ڕایگەیاند: ژیانی ئازاد و یەکسان، مافی ئێمەیە.

******

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٧ - خەرمانانی ١٤٠٥ -September ٢٠٢٦

# یەک دۆلار ٢٣٠ هەزار تمەن، بۆ خەڵک چ مانایەکی هەیە؟



لەم چەند هەفتەی ڕابردوودا نرخی دۆلار لە بازاڕی ئێران سنووری ٢٣٠ هەزار تمەنی تێپەڕاندووە. ڕەنگە لە یەکەم نیگادا ئەمە تەنیا ژمارەیەکی ئابووری بێتە بەرچاو، بەڵام بۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران مانایەکی زۆر بەرجەستەتری هەیە: سفرەیەکی کە ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکتر دەبێتەوە، مووچەیەکی کە ئیتر بەشی تا کۆتایی مانگ ناکات و داهاتوویەکی کە تادێت لێڵتر دەبێت. ئابووریی ئێران لەو ساڵانەی دواییدا پێی ناوەتە قۆناغێکەوە کە زۆر کەس پێی دەڵێن «دارمانی بەشێن»، واتە دارمانێک کە کتوپڕ و بە یەک جاڕ ڕوو نادات، بەڵام هەموو ڕۆژێک بەشێک لە توانای ژیانی خەڵک لەناو دەبات.

بۆچی بەهای پارەی نیشتمانی ئەوەندە بە خێرایی دابەزێت؟ وەڵامەکە دەگرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک کە پێوەندیان بەیەکەوە هەیە. یەکەم، گەمارۆ بەربڵاوەکان و ئابڵۆقەی دەریایی بۆ سەر هەناردەی نەوتی ئێران، واتە سەرەکی‌ترین سەرچاوەی داهاتی دراوی وڵاتیان، بە توندی سنووردار کردووە. هەناردەی نەوت لە ڕێگەی دەریاوە دەکرێ بوترێت بەتەواوی وەستاوە و ئەوەی لە ڕێگەی وشکانی و بە بارهەڵگریش هەناردە دەکرێت، لە باشترین حاڵەتدا دەگاتە نزیکەی ٢٧٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەم دابەزینە بەرچاوە بە مانای لەدەستدانی دەیان ملیار دۆلار داهاتە کە دەوڵەت بۆ هاوردەکردنی کەلوپەلی سەرەکی، دەرمان و کەرەستەی خاوی پیشەسازی پێویستی پێیەتی.

دووەم، تۆڕە نافەرمییەکان و ئەو ڕێگە داراییانەی کە ساڵانێکە بۆ خۆدزینەوە لە گەمارۆکان بەکار دەهێنران، ئێستا پڕمەترسیتر و پڕهەزینەتر بوون. ئابڵۆقەی دەریاییش ڕێگە سەرەکییەکانی بازرگانی بەستووە و جێگرتنەوەیان بە ڕێگەی وشکانی و هێڵی ئاسن، بەهۆی توانای کەمتر و خەرجی زۆرتر، ناتوانێت ئەم کەمییە قەرەبوو بکاتەوە. بە شێوەیەکی سروشتیی ئاکامی هەموو ئەمانە ئەوەیە کە هاتنی دراو بۆ وڵات کەم دەبێتەوە، بانکی ناوەندی توانای کۆنترۆڵکردنی بازاڕی دراو لەدەست دەدات و بەهای ڕیاڵ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دادەبەزێت.

سێیەم هۆکار، کە ڕەنگە کەمتر ببینرێت بەڵام کاریگەرییەکەی لەسەر ژیانی ڕۆژانە زۆر ئێجگار قورسە، بریتییە لە کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت. کاتێک داهاتی نەوت کەم دەبێتەوە، دەوڵەت بۆ دابینکردنی خەرجییە بەردەوامەکانی ناچار دەبێت لە بانکی ناوەندی قەرز بکات، واتە بەکردەوە پارە چاپ بکات. چاپکردنی پارەی بێ‌پشتیوانە، نەخدینە زیاد دەکات و زیابوونی نەخدینەش، هەڵاوسان پەرە پێدەدات. بەم هۆیەشەوە کرێکاران و توێژە کەم‌داهاتەکان زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت، چونکە خێرایی بەرزبوونەوەی نرخەکان هەمیشە چەند هێندەی خێرایی زیادبوونی ئاستی حەقدەستەکان لە پێشترە.

ئەم دۆخە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بە شێوازی زۆر بەرجەستە خۆی نیشان دەدات. هەر کەلوپەلێکی کە کەرەستەی خاو یان بەشێک لە پێداویستییەکانی پێویستی بە هاوردەکردن بێت، بە هەر بەرزبوونەوەیەکی نرخی دۆلار گرانتر دەبێت. کاتێک نرخی دۆلار لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە دوو هێندە بەرز بووەتەوە، واتە خەرجی هاوردەکردنیش بە هەمان ڕێژە چۆتە سەرێ و ئەم زیادبوونە، ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆسەر نرخی کۆتایی کەلوپەلەکان لە دوکانەکاندا. ئاماری فەرمی ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە بە نزیکەی حەفتا لەسەد دەستنیشان دەکات، بەڵام بۆ کەلوپەلە پێویستەکانی وەک نان، برنج، گۆشت و بەرهەمە شیرەمەنییەکان، ئەو هەڵاوسانە ڕاستەقینەی کە بنەماڵە کەم‌داهاتەکان ئەزموونی دەکەن گەلێک لەم ژمارەیە بەرزترە.

خاڵی سەرەکی لێرەدایە کە: داهاتی ڕاستەقینەی هەر بنەماڵەیەک نەک بە ژمارەی حەقدەست، بەڵکوو بە توانای کڕینی دیاری دەکرێت. کاتێک نرخەکان حەفتا لەسەد بەرز دەبنەوە بەڵام حەقدەستەکان تەنیا بیست لەسەد زیاد دەکەن، مانای ئەوەیە کە کرێکارێک یان خانەنشینێک هەموو مانگێک، بەبێ ئەوەی کارەکەی لەدەست بدات، لە مانگی پێشوو هەژارتر دەبێت. زۆرێک لە بنەماڵە سەرەتا خەرجییە ناپێویستەکانی وەک گەشت کردن و جلوبەرگ لادەبەن، بەڵام بە بەردەوامبوونی ئەم ڕەوتە، ناچار دەبن مەسرەفی خواردنە پێویستەکانیش کەم بکەنەوە. ڕاپۆرتە مەیدانییەکان نیشان دەدەن مەسرەفی گۆشت، مریشک، بەرهەمە شیرەمەنییەکان و میوە لە نێو توێژە کەم‌داهاتەکاندا گەیشتووەتە نزمترین ئاست لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا.

ئەم قەیرانە تەنیا نرخەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکوو کار و پیسەی خەڵکیشی کردووەتە ئامانج. کەمبوونەوەی هاوردەکردنی کەرەستەی خاو و ئامێرەکان، زۆرێک لە کارگەکان ناچار دەکات بە توانایەکی کەمەوە بەردەوام بن یان بەتەواوی دایبخەن. بەگوێرەی خەمڵاندنەکان ئاوێتەیەک لە شەڕ و گەمارۆکان زیاتر لە یەک ملیۆن هەلی کاری لەناو بردووە و نزیکەی دوو ملیۆن کەسیشی، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بێکار کردووە.

چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئەم قەیرانە وەک یەک ئەزموون ناکەن. کرێکارانی کەرتە خزمەتگوزارییەکان، لە شۆفێران و کرێکارانی بیناسازییەوە بگرە تا فرۆشیاران و کارمەندانی ڕێستۆرانەکان، داهاتێکیان هەیە کە ڕاستەوخۆ بە ڕکودی ئابووری دادەبەزێت، چونکە کاتێک خەڵک توانای کڕینیان نەبێت، خواست لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەش کەم دەبێتەوە. ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە لەم نێوەندەدا زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت، چونکە هەم بە شێوەیەکی ئاسایی داهاتیان کەمترە و هەم دەبێت بە تەنیایی خەرجییەکانی بنەماڵە بەڕێوە ببەن. خانەنشینانیش لە دۆخێکی هاوشێوەدان، مووچەی خانەنشینی لە باشترین حاڵەتدا لەگەڵ هەڵاوسانی نزیکەی حەفتا لەسەد ناگونجێت و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خانەنشینانی ئەمڕۆ ببنە یەکێک لە هەژارترین توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران.

توێژی مامناوەندی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام هەژارتر بوون و دارمانی بەهای ڕیاڵ ئەم ڕەوتەی خێراتر کردووە، بەشێکی زۆر لەو بنەماڵانەی کە تا چەند ساڵ لەوەپێش خۆیان بە توێژی مامناوەند دەزانی، ئێستا کەوتوونەتە ڕیزی توێژە کەم‌داهاتەکانەوە. بەڵام دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانە زۆر ئەولاترە لە ژمارە و پێوەرە ئابوورییەکان. زیادبوونی کۆچی گەنجان و هێزە پسپۆڕەکان، پەرەسەندنی هەژاریی شارنشینی و پەراوێزنشینی، بەرزبوونەوەی زیانە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە گیرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و کاری منداڵان، و هەروەها بێئومێدی و سەرلێشێواوی نەوەی گەنج، هەموویان ڕوویەکی دیکەی ئەم دارمانە دراوییەن.

دارمانی بەهای ڕیاڵ تا ئاستی ٢٣٠ هەزار تمەن بۆ هەر دۆلارێک، لە ڕاستیدا بە مانای دارمانی توانای کۆمەڵگەیە بۆ درێژەدا بە ژیانێکی ئاسایی و بە مانای دارمانی کوالێتی ژیانی ملیۆنان کرێکار، زەحمەتکێش و مرۆڤی کەم‌داهاتە لە ئێران. گەمارۆکان، ئابڵۆقەی دەریایی، کەمبوونەوەی هەناردەی نەوت، سنووورداربوونی دەستڕاگەیشتن بە دراوی بیانی و هەڵاوسان، دەستیان داوەتە دەستی یەکتر و توانای تەحەمولی خەڵکیان گەیاندووەتە ئاستی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە دەرئەنجامەکەی نادیارە.

*****

# ئاخێزی ژینا، وەرچەرخانی مێژوویی، ئەزموونەکان و ئاسۆی ڕزگاریی دواڕۆژ

کەریم ئەمانی

٢٥ی خەرمانان ساڵیادی دەستپێکی ئاخێزی سەراسەریی «ژن، ژیان، ئازادی»، دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە لە یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران و کوردستان. ئاخێزێکی کە بە کوشتنی ژینا ئەمینی لەلایەن گەشتی ئیرشاد واتە «پۆلیسی ئەخلاق»ی کۆماری ئیسلامییەوە چەخماخەکەی لێدرا و لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە خەبات و نارەزایەتییەکی گشتی لەدژی سیستەمی زاڵ. ئەم ئاخێزە تەنیا تەقینەوەیەکی کاتیی توورەیی جەماوەر نەبوو، بەڵکوو بەرهەمی کەڵەکەبوونی دەیان ساڵ زوڵم، چەوسانەوەی چینایەتی، ستەمی نەتەوەیی و سەرکوتی بەردەوامی مافەکانی ژنان و هەروەها هەژاری و نایەکسانییەکی ئابووری بوو کە کۆماری ئیسلامی لەماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداری خۆی بەسەر کۆمەڵگەیدا سەپاندبوو. لەم سۆنگەیەوە، پێویستە وەک ئەزموونێکی بەنرخ بۆ خەباتی داهاتوو، خاڵە بەهێز و لاوازەکان و ئاسۆی ڕاستەقینەی ئەم بزووتنەوەیە شی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەم دۆخە هەستیارەی ئێستادا، داهاتوویەکی ڕوون و ئومێدبەخش بخەینە بەردەم کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم ئاخێزە، بریتی بوو لە بەرینایی و فرەڕەنگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو چین و توێژانەی کە بەشداریان تێدا کرد: لاوان و خوێندکاران، کرێکاران و بێکاران، مامۆستایان و خانەنشینان، هەروەها نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە کوردستانەوە بگرە هەتا بەلوچستان و ئازەربایجان. بۆ یەکەم جار دوای چەندین دەیە، نارەزایەتییەکی جەماوەری بە شێوەیەکی هاوکات و یەکدەست هەموو شار و شارۆچکە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی لەخۆ گرت، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی و ڕێبەرایەتییەکی تاک یان ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی دیاریکراودا بێت. ئەمە خۆی لەخۆیدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە کێشەی سەرەکی کۆمەڵگەی ئێران، کێشەی چینایەتی و دیموکراتیکە، نەک تەنیا کێشەیەکی نەتەوەیی یان ئایینی.

ژنان ڕۆڵی سەرەکی و شوێندانەریان لە ڕەوتی ئەم ئاخێزەدا بینی، ئەوان نەک تەنیا وەک بەشداربوویەکی لاوەکی، بەڵکوو وەک پێشەنگ و ڕابەری ڕاستەقینەی ئەم بزووتنەوەیە ئاڵای خەباتێکیان بەرز کردەوە کە سەلماندی ئازادی کۆمەڵگە بەبێ ئازادی ژنان مەحاڵە. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە خەباتی ژنانی کوردستاندا ڕیشەی هەیە، بوو بە دروشمێکی سەرەکی و سەرانسەری لە ئێران و تەنانەت لە ئاستی جیهانیشدا. تووڕهەڵدانی پەچە و ڕووپۆشی سەرەکی «حیجابی زۆرەملێ» و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ژنان لەگەڵ دەسەڵاتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، بووە هۆکارێکی سەرەکی ڕادیکاڵکردنی گشتی بزووتنەوەکە، واتە گۆڕینی ویست و داخوازی ڕیفۆرمخوازانە بۆ ویست و داخوازییەکی ڕاستەوخۆ و گۆڕانکاری بنەڕەتی و تێپەڕبوون لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. ئەمە نیشانی دا کە ئازادی ژنان، پێوەرێکی ڕاستەقینەی ئاستی شۆڕشگێڕی هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە.

بێگومان ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادی کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ و مێژووی بۆ خەباتی جەماوەری خەڵکی ئێران بەدەستهێنا لەوانە:

تێکشکاندنی دیواری ترس و تۆقاندن، کە بۆ ماوەی چەندین دەیە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەک چەکێکی سەرکوت بەکاردەهێنرا.

بەرجەستەکردنی مافی ژنان و بابەتی لابردنی حیجابی زۆرەملێ وەک تەوەرێکی سەرەکی و نەک لاوەکی لە خەباتی سیاسیدا.

پێکهێنانی یەکگرتوویی و هاوپشتییەکی بێوێنە لە نێوان نەتەوە و چین و توێژە جیاجیاکانی ئێران، لە دژی دوژمنێکی هاوبەش. لەقاودان و ناساندنی ماهیەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بە بیروڕای گشتی جیهان و لاوازکردن و بنکۆڵکردنی هەرچی زیاتری بنەما یاسایی و ئاینییەکانی دەسەڵات و کاڵکردنەوەی پاشەکشە بە داب و نەریتی پیاوسالاریی و کۆنەپەرستانە.

وەڕێخستنی شەپۆلێکی نوێی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی، لەوانە نارەزایەتی کرێکاران، موعەلیمان و خانەنشینان، کە هەتا ئێستاش بەردەوامە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانەدا ناکرێت چاوپۆشی لە خاڵە لاوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە بکرێت:

نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی یەکگرتوو و کۆمەڵایەتی-سیاسی کە بتوانێت ویست و داواکارییە جۆراوجۆرەکان لە پرۆگرامێکی ڕوون و بەرنامەیەکی بەدیلدا ڕێک بخات. لاوازی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی: بزووتنەوەکە زۆرجار شێوازێکی خۆڕسک و بێ کۆنترۆڵی هەبوو، بەبێ بوونی بونیاد و ڕێکخراوگەلێکی پایەداری وەک ئەنجومەن و شۆڕاکان لە ناوەندەکانی کار و شار و گەڕەکەکان کە بتوانێت بەردەوامی بزووتنەوەکە گەرەنتی بکات.

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 477- September 2026
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

نەبوونی پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان بزووتنەوەی سەرشەقام و بزووتنەوەی کرێکاری بە شێوەیەکی وا کە ببێتە زەمینەسازی مانگرتنێکی گشتی، کە بەم هۆیەوە بەشێکی بەرچاو لە کاریگەرییەکانی خۆی لەدەستدا، لە زومرەی ئەو خاڵە لاوازانە بوون.
سەرکوتی توند و بەردەوامی کۆماری ئیسلامی توانی زۆرێک لە تۆڕەکانی چالاکی خۆڕسک هەڵبوەشێنێتەوە و زیانیان پێ بگەیەنێت.
کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە، لە بەرامبەر دەنگی مافخوازانەی جەماوەردا، تەنیا بریتی بوو لە سەرکوت و توندوتیژی لەوانە: کوشتنی سەدان لاو و ژن و منداڵ لە شەقامەکان، نابیناکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران بە گوللەی ساچمەیی، دەستگیرکردنی هەزاران کەس، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی هەڵسووڕاوان. ئەمە جارێکی دیکە سەلماندی کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، لە ڕووی سروشتییەوە، نەک هەر ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ویست و داواکاری یاسایی و مافخوازانەی خەڵکی ناڕازی بێت، بەڵکوو بە پەنابردنە بەر توندوتیژیی و سەرکوت بەردەوام لە هەوڵی گەرەنتی مانەوەی خۆیدایە.
لە هەمان کاتدا، پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی نەرێنی هەندێک لایەنی سیاسی بکرێت کە هەوڵیان دا خەباتی جەماوەری ناڕازی وەک دەرفەتێک بقۆزنەوە، بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی کرێکاران و چین توێژە هەژارەکان لەبەرچاو بگرن.
یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکانی سەر ڕێگای ئاخێزی ژینا، بریتی بوو لە دەستێوەردانی ئاشکرای ڕەوتە ناسیۆنالیست، ڕاسترەو و سەڵتەنەتخوازەکان. لەکاتێکدا جەماوەری زەحمەتکێش و ڕادیکاڵ لە شەقامەکاندا قوربانییان دەدا، ئەم ڕەوتانە بە پاڵپشتی میدیا زاڵەکان هەوڵیان دا بزووتنەوەکە بە ئاراستەی هیوابەستن بە دەرەوە و هێزە ئیمپریالیستییەکان بەلاڕێدا ببەن، بەرەو ئاواتێکی خەیاڵی «گۆڕانکاری لە دەرەوەوە»، بەبێ ئەوەی هیچ چارەسەرێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بخەنە بەردەم کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەوە. ئەوان هەروەها وێڕای ئەوەی نیشانیاندا کە دژی ئیرادەی ڕاستەقینەی جەماوەرن و تەنیا ئامانجیان بریتییە لە پاراستنی بنەماکانی سەرکوت بە ناو و ڕوکارێکی دیکەوە، هەوڵیاندا دروشمەکان لە ناوەڕۆکی خۆیان بەتاڵ بکەن، ئاستی داواکارییە بنەڕەتییەکانی ژنان و کرێکاران کەم بکەنەوە و بزووتنەوەکە بخەنە ژێر سایەی نۆستالژیای سەڵتەنەتی، سەڵتەنەتییەکی کە کارنامەکەی هیچی تر نییە جگە لە هەمان سەرکوت و نایەکسانییە مێژوویی و چینایەتیانە.
ئەم شێوە بەرخوردە نابەرپرسیارانە و هەلپەرستانەیە، بووە هۆی لاوازکردنی بەشێکی بەرچاوی وزە و هاوپشتی چینایەتی-کۆمەڵایەتی بزووتنەوەکە.
ئێمە ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار و دژواردا بەسەر دەبەین: بێکاری بەربڵاو، هەژاری و گرانی، هەڵئاوسانی لەڕادەبەدەر، ئاوارەیی، سەرکوت و زیندان و لەسێدارەدان بەردەوامە و زیانەکانی شەڕ و ململانێی ناوچەیی قورساییەکی زیاتری خستووەتە سەر شانی خەڵکی هەژار و ستەمدیدەی ئێران و کوردستان. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی نەک هەر وا نەبوو کە بە تەواوی دابمرکێتەوە یان لەبیر بکرێت، بەڵکوو تۆوی خەباتێکی نوێی چاند کە هێشتاش لە شێوەی نارەزایەتی کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و خەباتی ژنان بۆ دژایەتی لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ و گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد و یەکسان هەروا بەردەوامە.
ئاسۆیەکی ڕاستەقینە و ئومێدبەخش، نەک هەر بریتی نییە لە هیوابەستن بە هێزە دەرەکییەکان و بەدیلی پاشایەتی و دیکتاتۆرییەکی نوێ، بەڵکوو بریتییە لە بەهێزکردنی ڕێکخراوە خۆڕسک و سەربەخۆکانی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش لەوانە: پێکهێنانی یەکێتی و شۆرا کرێکارییەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و موعەلیمان و هەروەها بەیەکەوە گرێدانی خەباتی ڕۆژانەی نان بە پرۆژەیەکی سیاسییەوە بەمەبەستی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و دیموکراتیک. هاوهەنگاوبوون و پشتیوانیی بێدرێغ لە خەباتی ئازادیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی ئێران و کوردستان، تا ڕووخاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە ئێرانێکی ئازاد، بەرابەر و بەدوور لە هەرچەشنە ستەم وچەوسانەوەیەک، ئەرکی سەرشانی سەرجەم هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی چەپ و سۆسیالیستە، ئێرانێکی کە تێیدا ژن، ژیان و ئازادی نەک تەنیا دروشمێک، بەڵکوو ببێتە ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی.

******

دواستوون

# «چەکەکان لە کوێن؟»

نووسینی:سەلام قادری

بزووتنەوەی ژن،ژیان،ئازادی ئاستبەرزترین زانستگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو بۆ کەسێکی کە بیوویستبا پەروەردەی سیاسی و ئاستی تێگەیشتنی خۆی لە دینامیزمگەڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێز کردن و بەسەرکەوتن گەیاندنی کۆمەڵگایەک بناسێت، بۆ ئەوەی تێبگات کە چەک کامەیە و ڕزگاری لە ڕێگەی کامە چەک و کامە سەنگەرەوە دەستەبەر دەبێت.
دیتمان دەوڵەتی ئەشکی تیمساحی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی نیئۆ هیتلێریستی نەتانیاهوو و دەوڵەتی هاوپەیمانی شەرع، نیتانیاهۆ لە ئامریکا، هیچکامێکیان لە ڕێگەی چەکەوە بە سەرکەوتن نەگەیشتن، بەڵکوو هەرکامەو لە لای خۆیەوە بووە هۆکاری ڕشتنی خوێنی بە هەزاران لە خەڵکی ئاسایی و چەک تەنیا ئامرازی کەڵەکەکردنی تاوان و زام و برینی قووڵی کۆمەڵایەتی بوو بۆیان. ڕەنگە کەسێک بڵێت هەتا بووە وا بووە دەوڵەتەکان بە تایبەت ئەو دەوڵەتانەی ناویان هاتووە هەموو هەست و نیستیان بە چەک و بەکارهێنانی تاوانکارانەی ئەو چەکانەوە بەستراوەتەوە و، ئیشارە بەمە ئیشارەکردنە بە ڕاستی گەلێکی ڕوون و ئاشکرا کە هەمووان دەیبینن و دەیزانن. ئەوەی ڕاستی بێت دیتمان کە کەم نەبوون ئەو حیزب و ئاکادیمیست و ڕووناکبیرانەی کە وەکوو دەڵێن: «دەیانویست زوڕنا لە سەری کراوەیەوە لێبدەن» و خەڵکی بێپەنای کوردستان بکەنە بەرئاگری ئەو دەستە پڕ چەک و دڵڕەقانەی کە هەموو کۆمەڵگا و بزووتنەوەیەک بۆیان ئامرازی بەرەوپێشبردنی پرۆژە نارەواکانیانە. لە لایەکی ترەوە لەم ڕۆژانەدا بنبەستی باڵی چەکداری پارتی کرێکاران و لە ئاکامدا پاشەکشێی بێوێنەی ئەو پارتە لە ئارمان و ئیستراتیژیە بنەڕەتیەکانی و هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک لە ڕۆژئاوای کوردستان، دووبارە ئەو ڕاستیەیان خستەوە بەرچاو کە ئەوە چەک و هاوپەیمانی نیزامی لەگەڵ زلهێزەکان نییە کە بزووتنەوەیەک دەتوانێت و مومکینە پشتی پێ ببەستێت، بەڵکوو ئەوە سیاسەت و بزووتنەوە و ئەقڵیەتێکە کە ئاراستەی ئەو بزووتنەوە دیاری دەکات و کات و ساتی کاراکردن و سڕکردنی چەک وەکوو یەکێک لە ئامرازەکان دیاری دەکات.
دیتمان کە هاوسەنگی هێز و لێکدانەوەی بارودۆخەکە بەرەو ئەو ئاراستەیە نەچووە پێشەوە کە ئەو چەکە نادیارانەی دۆناڵد ترامپ ڕۆژنارۆژێک پێ لە عەرز دەدات و داوایان دەکات بتەقێندرێت و وەکوو کەڵشێری ناوەخت بانگهێشتی چەقۆی قەسابەکان بکات بۆ سەر گەرووی تەقێنەرەکانی. دیتمان کە ئەوانەی بە ناوی شاڕێی سەرکەوتنەوە جێگۆڕکێیان بە ئاو و تینویەتی کرد چۆن نەگومەو و ناهومێد بوون. بەو مانایە کە ئەوەی تینویەتی کۆمەڵانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی باشتر دەشکێنێک کە ئازادی و ژیانێکی باشتر، ترنجاندیانە جێگای تینویەتی دەسەڵاتی حیزبی خۆیانەوە و، بە هیوا و هۆمێد هەڵچنین لە سەر چەک و نەخشە ڕێگای دەوڵەتانی چنگ و پەل خوێناوییەوە دەبەستەوە، ئەو تینویەتیەی کە ئەوەندەی تر گۆمەڵگایان لە ئاراستەی بەرەو رزگاری ژن، بەرەو ژیانێکی باشتر و بەرەو ئازادی دوور دەخستەوە.

دەبێت بەو مامۆستا و ڕێبەر و ڕێنوێنە سیاسییە لە مێژینانەی لەو بابەتە بوترێت کە ئەوە کێیە بە بارانی تلاڤیف و واشنگتۆن مەزرای ڕزگاری خەیاڵی خۆی ئاو دەدات؟
دەبێت بەو موسافیرانەی جۆرج تاون و واشینگتۆن بوتری ئەگەر جارێکی تر ترامپ گرینۆکانە پێی لە عەرز کوتاو وتی: من چەکەکانم دەوێ. ئەگەر لێی پرسین «چەکەکان لە کوێن؟»
پێی بڵێن چەکەکانی خەڵکی کوردستان لە سوننەتەکانی خەباتی جەماوەری ئەو خەڵکەدایە کە لە کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی شاری مەریوانەوە تا بزووتنەوەی ژینا بەردەوامە و کەڵکی لێوەردەگیرێت، چەکەکان لە مانگرتنە سەراسەریەکان و لەو دوکان و بازاڕانەدایە کە بەپێی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەکرێنەوە و دادەخرێن، نەوەک ئەو کاتەی ئێوە گولە و تفەنگتان لێ زیاد بوو و دەست و مەچەکی تەقاندنتان نەبوو بۆیان، لەو دوکان و بازارەدایە کە بە پێی گەرمی بازاڕی چەک و خەیاڵ فرۆشتن ناکرێنەوە و داناخرێن، بەڵکوو میقات بوون لەگەڵ هەستی جەماوەری بۆ کەڵک لێوەرگرتنی لە کات و ساتی پێویستدا و بۆ پارێزگاری و ڕزگاری خۆیان. گەر ترامپ ئەم جارە هەنسک و هەناسە بڕکێی ئەو چەکانە گرتی بڵێن ڕەنگە چەکەکانی ئێوە لە ویتنام و ناکازاکی بەجێمابن، بەڵام چەک و چۆڵی ئێمە بۆ ئەوەیە نەبینە ناکازاکی و بۆ ئەوەیە کە وەکوو ویتنام ئاسا بە ئاراستەی ڕزگاری و پارێزگاری لە خۆمان و بە خولقاندنی خۆڕاگرییەکی هاوچەشنی ویتنام بەکاری بێنین. چەکی ئێمە لای خۆمانە و بۆ ڕزگاری خۆمان و لە کات و ساتێکدا کە خۆمان دیاری دەکەین بەکار دبرێت. چەکەکانی ئێوەیش کە کابول و دیمەشق خەریکە دیموکراسی بە تامی تاڵیبانیزمە و ئازادی بە ئیسانی نێۆ ئوسامیزمەوە دەپارێزێ و لە دەستی جەولانی تازە هاوپەیمانتاندایە ئەو چەکانەی ڕۆژ بۆ ڕۆژ چرایەکی تر لە ژن و ژیان و ئازادی کوێر دەکەنەوە.

*****

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com